# ئالودەبوون بە شکست

شارا تاهیر

## ئالودەبوون لە دیدی دەروونشیکارییەوە: فرۆید وەک سەرەتا



٢٠ی ئاداری ٢٠٢٣ هزر

جێی سەرنجە کە ئەدەبیاتێکی ئەوتۆمان سەبارەت بە ئالودەبوون لە کایەی دەروونشیکاریدا لە بەردەستدا نییە! ئەگەرچی فرۆید خۆی چەند ئەزموونێکی کلینیکی لەگەڵ کەسی ئالودەبوودا هەبووە، لە گرنگترین ئەزموونەکانیشی کارکردنی بووە لەگەڵ یەکێک لە هەرە هاوڕێ نزیکەکانی بە ناوی (ئێرنست ڤۆن فلایش) کە کێشەی ئالودەبوونی بە ماددەی مۆرفین هەبوو. فرۆید لەو ماوەیەی کە سەرقاڵی چارەسەرکردنی فلایش بووە، باوەڕی تەواوی بەوە هەبووە کە دەتوانێت لە ڕێی بەکارهێنانی کۆکاینەوە یارمەتی بدات و وای لێ

بکات ڕزگاری بێت و دوورکەوێتەوە لە بەکارهێنانی مۆرفین. وەلێ ئەفسـوس ئەم هەوڵەی شـکسـتی هێنا، فلایش نەک چاک نەبووە و ڕزگاری نەبوو لە ئالودەبوون بە مۆرفین بەڵکوو دووچاری ئالودەبوون بە کۆکاین بوو، هەر بەو هۆیەشـەوە گیانی لە دەسـت دا و مرد. سـەرەڕای ئەم شـکسـتەیش لە چارەسـەرکردنی برادەرەکەی کەچی هێشتا نووسـینێکی تایبەت بە ئالودەبوون نـادۆزینەوە کە تیـایـدا فرۆیـد بە وردی بـاس لەم گرفتە بکـات. ئەوەی لە بەردەستدایە چەند سەرچاوەیەکە لێرە و لەوێ کە بە کورتی تیایدا ئاماژەی بە ئالودەبوون کردووە. یەکێک لەو سەرچاوانە کە بە ڕوونی ئاماژە بە ئالودەبوون دەکات، ئێمەش دەتوانین وەک سـەرەتایەک بۆ دەروازەی باسـەکەمان بەکاری بهێنین، ئەو نـامەیە کە بۆ فلایشـی هـاورێی لە بەرواری (٢٢-١٢-١٨٩٧)دا نووسیوە و دەڵێت:

"دەسـتپەڕکردن یەکەم و سـەرەتاییترین خووە کە مرۆڤ خووی پێوە دەگرێت - بە ئالودەبوونی سـەرەتایی ناوی دەبات- پاشـان هەموو ئالودەبوونەکانی تر لە ژیـانـدا، کە دواتر دەردەکەون و مرۆڤ ئەزموونی دەکـات و خووی پێوە دەگرێت، لەوانەیش بۆ نموونە: ئالودەبوون بە خواردنەوەی ئەلکهول، کۆکاین، مۆرفین، جگەرە... هتد، قەرەبوو و جێگرەوەی یەکەمین خووە سـەرەتاییەکەی مرۆڤە کە دەستپەڕکردن...

ئەو ڕۆڵەی کە ئالودەبوون دەیگێڕێت لە دۆخی هیسـتریـادا بێشـوومـارە، بەربەسـتەکـانی بەردەمیشـم لەم بوارەدا هەر ئەمەیە، هیودارم بتوانم بیاندۆزمەوە و بە سـەریاندا زاڵ بم. جا گەر بە تەواویش نەبێت ئەوا خوازیارم هەندێکیان بدۆزمەوە و جۆریان بکەم. جا بۆیە ئا لێرەدا گومان دروست دەبێت و پرسیارەکەیش ئەوەیە کە ئایا ئەم جۆرە ئالودەبوونە چارەسـەری هەیە؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێت خۆی لێ ڕزگـار بکـات[1]؟ یـاخود دەروونشـیکـارەکـان و چارەسـازان لەم حاڵەتەدا دەسـتەوسـان دەوەسـتن خۆیان ناچار دەکەن کە خودی هیستریا بگۆڕن بۆ نیرۆسینیا( *Neurasthenia*)[2].

---

[1] Freud,1985,p.287.

[2] *Neurasthenia* : ئەم تێرمە لە بنەڕەتدا گریکیە و لە دوو برگە پێک دێت کە ئەویش (*Neuron*)کە بەمانای دەمار، لەگەڵ (*asthenes*) کە مانای لاوازییە. لە کۆتایی سـەدەی نۆزدە و سـەرەتایی سـەدەی بیسـتدا لە لایەن جۆرج میللەر بێردەوە بەکارهاتووە وەک دیاگنۆسێک بۆ وەسفکردنی باری لاوازی مێشک.

مەبەستی فرۆید لێرەدا ئەو خودئەڤینیەیە کە مرۆڤ لە دۆخی دەستپەڕکردندا ئەزموونی دەکات ئەوی تر وەک سەرچاوەی چێژ وەلادەنێ و لە خۆی دووری دەخاتەوە، جەستەی خۆی و سنورەکانی جەستەی وەک جوگرافیایەک لە چێژ بۆ گەشتن بە ئۆرگازم بەکار دەهێنێت. ئەم خودئەڤینیە ئیرۆتیکییەش تەواو لەگەڵ ئالودەبووندا دەگونجێت، بەو پێیەی کە کەسی ئالودەبوو پێویستی بە جەستەی ئەوی تر نییە تا بە چێژی خۆی بگات و ڕازی و تێری بکات.

ئەم پێناسەیەی سەرەوە مشتومڕی زۆری لەسەرە، لەوانەیش کە قسەیان لەسەر کردووو ( لوز ڕایک)ە لە کتێبی (سوبێکتی ئالودەبوون- دەروونشیکاری و ڕێکخستن و کارگێڕیی چێژوەرگرتن) ئاماژە بە نامەکەی فرۆید دەکات کە بۆ فلایشی هاوڕێی نووسیوە. ڕایک پێی وایە کە فرۆید زۆر سەرکەوتوو نەبووە لەوەدا کاتێک دەستپەڕکردن وەک نموونەیەکی بنەڕەتی هەموو ئالودەکانی تر دەبینێت. بە ڕای ئەو کەسی دەستپەڕچی بە پێچەوانەی کەسی ئالودە وێڵ و سەرگەردانی فالوسی خۆیەتی، چێژێک بۆ خۆی دروست دەکات کە بە سروشتی خۆی فالیکەیە. لوز، لەم بارەیەوە ئاماژە بە دیدی لاکان دەکات و دەڵێت : لاکان ئەم ژویسانسە بە ( ژویسانسی گەمژە یان ئەوتیست) ناو دەبات. وردتر بڵێین، ژویسانسی کەسی ئالودە و یان مودمن مەرج نییە وەک ژویسانسی کەسی دەستپەڕکەر گەمژە وگەوجانە بێت، چونکە کەسی دەستپەڕکەر ئالودە و خولیای ئۆرگانەکەی خۆیەتی بە ڕیتمی خۆی دەگاتە سنوورەکانی ژویسانس، لە کاتێکدا ژویسانسی کەسی ئالودە لە جۆرێکی ترە و باجی خۆی هەیە، زۆر جاریش کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، هەر بۆیەش دەسپەڕکردن بە پێچەوانەوە باجی لە سەر نییە و بە کێشە و گرفت دانانرێت و پیویستی بە چارەسەرکردنیش نییە.

سەرەڕای ئەم ئاماژەکردنە بە ئالودەبوون وەک درێژکراوە و قەرەبووی خوە سەرەتاییەکەی مرۆڤ بە دەستپەڕکردن هێشتا فرۆید هەر بە تێروتەسەلی باسی لەم بابەتە نەکردووە. پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی دەبێت گرفتی ئالودەبوون لە ئەدەبیاتی دەر٢ونشیکاری فرۆیدیدا بەو شێوەیە ون و پشتگوێخراو بێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕەنگە ئەو ڕاستییە یارمەتیمان بدات کە فرۆید خۆی پەیوەندییەکی تەمومژاوی بە مادده هۆشبەرەکانەوە هەبووە. کاتێک بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٨٨٤)دا بەر کۆکاین دەکەوێت، بەکارهێنانی کۆکاین وەک مادەیەک و دەرمانێک بۆ چارەسەری گرفتی

دەروونی سـەرسـامی دەکات. هەر ئەم سـەرسـامییەیشـی بە ئەفسـون و کاریگەریی کۆکاین وای لێ دەکات کە خۆی بۆ ماوەی (١٠) سـاڵ بەکاری بهێنێت و دەربارەیشی بنووسێت. ئەو زانیارییانەی کە لەسەر ژیانی فرۆیدا لە بەردەسـتدایە بە تایبەتی لە نووسـینەکانی بایۆگرافەرەکەیەوە، (ئێرنیسـت جۆنس)ەوە، پێمان دەڵێن کە ئەو بۆ خۆی زۆر ئارەزووی خواردنەوەی ماددە کحولییەکانی نەکردووە، جار جارەیەک پێکێک شەرابی هەڵداوە، وەلێ بێهودانە ئالودەی جگەرەکێشـان و نیکۆتین بووە بە ڕادەیەک کە لە ڕۆژێکدا زیاد لە بیسـت جگەرەی کێشـاوە. تەنانەت ئەو کاتەیش کە دووچاری شـێرپەنجەی ناودەم دەبێت و پزیشـکەکان داوای لێ دەکەن کە دەسـتبەرداری نیکۆتن و جگەرە بێت، ئەوا بێهودانە دڵنیایان دەکاتەوە کە ناتوانێت ئەم کارە بکات نەک ئەوەیش بەڵکوو ڕازی نابێت کە داودەرمان بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی بەکار بهێنیت، لە بری ئەوە ماددە هۆشبەرەکانی وەک ئازارشکێن و باوەشکردن بە مەرگی خۆیدا تا دوا ساتەکانی ژیانی بەکار دەهێنێت.

گەر ئەم ڕاسـتییەی ژیانی فرۆید خۆی بە هەند وەربگرین ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئالودەبوون و دەروونشیکاری هەر لە سـەرەتاوە دۆسـتایەتییەکی نزیکیان لەگەڵ یەکدا هەیە، ئەویش لە ڕێی ئەزموونی فرۆید خۆیەوە بۆ بەکارهێنانی کۆکاین بۆ ماوەی پتر لە دە ساڵ، لەملایشەوە پەیوەستبوونی بە نیکۆتینەوە تا دوا سـاتەکانی ژیانی. تەنانەت هەندێک لە نووسـەرەکان پێیان وایە کە فرۆید زۆرترین کارەکان و نووسینەکانی لەو کاتانەدا ئەنجام داوە کە کۆکاینی بەکار هێناوە و سـەرمەست بووە بەو ماددەیە. گوایە نووسینەکانی زادەی خەیاڵ و وڕێنە و کاریگەرییەکانی کۆکاینە، یاخود دەگوترێت کە دەسـتنەبردن و پشـتگوێخسـتنی فرۆید بۆ بابەتی ئالودەبوون، زیاتر چەپاندن و نکوڵیکردنیەتی بۆ ئەو ماوەیەی ژیانی خۆی کە بە (ماوەی بەکارهێنانی کۆکاین) دەناسـرێت.
لەبەر ئەوە شتێکی سەیر نییە کاتێک لاکان لە سیمیناری (XI)دا دەڵێت:

((ڕاسـتییەکە زۆر بە سـادەیی یەک شـتە، ئەویش ئارەزووی فرۆید خۆیەتی، حەقیقەتەکە ئەوەیە کە شتێک لە فرۆید خۆیدا هەیە، کە هەرگیز شیکار نەکراوە و ڕاڤە نەکراوە..)). لاکان لە درێژەی قسـەکانی سـەبارەت بەم بابەتە پێمان دەڵێت: ((ئەم ئارەزووەی فرۆید نابێت لەسـەر ئاستێکی سایکۆلۆژی و گشـتی بخوێنرێتەوە و شـیکار بکرێت بەڵکوو ئەمە زیاتر خاسـیەت و سـیفەتێکی شەخسی ئەوە. ئارەزووی فرۆید بریتییە لە ئارەزوو لە پێگەی ئۆبێکتێکەوە کە بەهۆی ئۆبێکتێکەوە دروست بووە. ئەم ئۆبێکتەش نەست و نائاگای فرۆیدە)).

لاکان هەر لەســــەر ئەم بابەتە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ((ئەوەی کە من دەمەوێت باســــی بکەم ســــەبارەت بە ناوی باوک ( *The Name of the Father*) هیچ مەبەســتێکی تری لە پشــتەوە نییە، لە ڕاســتیدا پرســیارکردنە لەســــەر بنەچەی شــــتەکان، دۆزینەوەی ئەو ڕاســــتییە کە بە چ قازانجێک ئارەزووەکانی فرۆید توانیویەتی ئەزموونەکانی خۆی وەک دەروازەیەک بۆ دۆزینەوەی نەســــت و خودئاگایی دیاری بکات. هەر بۆیەش بە دڵنیاییەوە زۆر گرنگە بۆ ئێمە کە بگەڕێینەوە بۆ ئەم ســــەرەتایە گەر بمانەوێت لەوێوە دەست بە شیکاری خۆمان بکەین...)).

گرنگی ئەو زەمەنەی ژیانی فرۆید کە کۆکاینی تیادا بەکارهێناوە و لێی کۆڵیوەتەوە جێی سەرنج و بایەخی زۆرێک لە نووسەرانە و هەر یەکەشیان بە جۆرێک دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە، هەم لە فرۆید و هەم لە تێز و نووســــینەکانی نزیک ببنەوە، بۆ نموونە (ڤێرا ئۆکامپۆ) بەم جۆرە باس لە کاریگەرییەکانی کۆکاین لەســــەر ژیانی فرۆیدەوە دەکات: ((بەرکەوتنی فرۆید بە ماددە هۆشــــبەرەکان نەک بە تەنها ئارەزووی چاکبوونەوەی ئەوانی تری لە ناویدا زیندووکردەوە بەڵکوو ئاماژەیشــــە بۆ چاکردنەوە و تیمارکردنی خۆیشــــی (ســــیمپتومە نیرۆتیکییەکانی). هەر لە ســــەرەتاوە ئەم ئارەزوو و خولیایە وەک دوو دیوی یەک دروا دەردەکەون، دیوەکەی تری ئەم ئارەزووە فرۆیدییە، فلایشی هاوڕێی بوو وەک کەسێکی  ئالودە، وەلێ وەک ئیگۆ و ئایدیاڵی فرۆید خۆیشــــی، ئەو ســــروشــــتە گرفتئامیزەی ئالودەبوون، وای کرد فرۆید بیر لە ئارەزووەکانی خۆی بکاتەوە...)).

کەواتە گەر ئــالودەبوون یەکەم ئۆبێکتی ئــارەزووی فرۆیــد بوو بێــت بۆ چارەســەرکردن لە ڕێی داودەرمانەوە، ئەوا لە هەمان کاتدا یەکەم بەربەست و یەکەم شکستیشی بووە لە ڕووی میتودە دەروونشیکاری و چارەسازییەکانی خۆیشــیەوە. ئەو نە بە میتۆدەکانی دەروونشــیکاری و نە بە دەرمان نەیتوانی گرفتی ئالودەبوونی هاوڕێیەکەی چارەســــەر بکات. ئەوەی جێی ســــەرنجە لەو ماوەیەدا فرۆید هێشــــتا خۆی یەکلایی نەکردۆتەوە وەک دەروونشــــیکارێک ئەمەیش  لە نووســــین و نامەکانیدا بە ڕوونی دیارە، لە لایەکەوە خولیای ئەوە بووە کە وەک پزیشــــکیک کار بکات و بتوانێت لە ڕێی دەرمانســــازییەوە نەخۆشــــەکانی چارە بکات، وەلێ لە لایەکی تریشــــەوە ڕەخنەی توندی لە بەکارهێنانی دەرمان و دەرمانســــازی کردووە و دژی بووە. وەک کەســــێکی

داکۆکیکار و دژ بە بەکارهێنانی داودەرمان بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشە دەروونییەکانی مرۆڤ وەستاوەتەوە. لە نووسینێکیدا بە ناوی (پرسە شیکارییەکان)دا، نووسیویەتی کە ئەو بۆ خۆی هیچ کات وەک پزیشکێک کاری نەکردوە، بە مانایەی سەرقاڵی ئازار و ئەشکەنجەکانی مرۆڤ نەبووە لە ڕووی پزیشکی و دەرمانسازییەوە، نەیتوانیوە ئازار و ناسۆرییەکانی مرۆڤەکان کەم بکاتەوە، چونکە ئەو بۆ خۆی مەیلە سادیستییەکانی هێندە بەهێز نەبوون تا یاریدەی بدەن ئەم کارە ئەنجام بدات. وەلێ ئەم نوقسانییە وای لێ نەکردووە کە دەستبەرداری نەخۆشەکانی بێت، بەڵکوو هەر ئەم هۆکارە دنەی داوە کە ئارەزووی کارکردن و لێکۆڵینەوە لە نێرۆسدا بکات[3].

دیارە شکستی فرۆید وەک پزیشکێک لە چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی شتێک نەبوو هەر وا بە ئاسانی بە سەریدا زاڵ بێت و پشتگوێ بخات، ئەوەتا لە نامەیەکیدا بۆ دەستگیرانەکەی (مارتا بێرنایس-) لە ساڵی (١٨٨٤) دا دەنووسێت: ((ئێستاکە دەتوانم هەست بەوە بکەم کە منیش پزیشکم، چونکە دواجار توانیم یارمەتیی نەخۆشێک بدەم و خوازیاریشم لە داهاتوودا بتوانم یارمەتیی کەسانی زیاتر بدەم)).

ناوەڕۆکی ئەم نامەیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە فرۆید لە خەمی چاککردنەوە و تیمارکردنی نەخۆشەکانیدا بووە و ویستوویەتی دەرمانێک بدۆزێتەوە، مەبەستی لە بەکارهێنانی ماددەی (کۆکاین)ە وەک چارەسەر. ئەمەیش ئاماژەیە کە لەو ماوەیەی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر کۆکاین بووە، باوەڕی تەواوی بە ئۆبێکتی فارماسازی(دەرمانسازی) هەبووە و ئیشی لەسەر کردووە، وەلێ دواتر ئەم خولیایەی یان باشترە بڵێین شکست و لە دەستدانی هیوا و فانتازییەکانی بۆ ئەو دەرمانە وەک ئۆبێکتێکی ئایدیاڵ لە بواری دەرمانسازیدا، وای لێ دەکات جەخت بخاتە سەر میتۆدە دەروونشیکارییەکانی، هەر لێرەیشەوە دەروونشیکاری لەدایک دەبێت.

ئەم دیدە دژبەیەک و پارادۆکسە بۆ خودی دەرمانسازی وەک ڕێگەچارەیەک بۆ گرفتی دەروونی لە لایەک و ڕەتکردنەوەی لە لایەکی ترەوە، ئەوەمان پێ

[3] Frued,1926,p 253-254.

دەڵێت کە لەو ماوەیەدا فرۆید نەک بە تە نها ئارەزووە نەستەکییەکانی دۆزییەوە بەڵکوو ئەو ئۆبێکتەیشی دۆزییەوە کە ئارەزوو دەخولقێنیت، وەلێ ئۆبێکتێک کە بۆ ئەبەد لەدەست چووە. ئەمەیش جیاوازییەکە لەنێوان ئۆبێکتی دەروونشیکاری وەک میتودی چارەسازی و ئۆبێکتی کۆکاین وەک ماددەیەکی ئایدیاڵ بۆ چارەسەرکردن و ڕزگارکردنی مرۆڤ لە نەهامەتی و ئازارە دەروونییەکانی. کەواتە ئەم ماوە کۆکاینەی ژیانی فرۆید لەوەدا بۆ ئێمە گرنگە و بایەخی دەبێت کاتێک خۆمان یەکلایی بکەینەوە ژیرانەتر لە کارەکانی بکۆڵینەوە چونکە گەر جەخت لە سەر مێژوو و ژیانی ئەو بکەین، خۆمان سەرقاڵ بکەین بە ژیانی شەخسی فرۆید و سیمپتومەکانییەوە، ئەوا غەدرێکی گەورە لە دەروونشیکاری دەکەین وەک زانست و بەرهەمی دۆزینەوە و نووسینەکانی فرۆید. ئەوەتا کەسێکی وەک جان ئالۆچ دەڵێت: ((کاتێک پەیوەندیی فرۆید بە کۆکاینەوە وەک سیمپتوم ببینین، ئەوا بێگومان گرنگی ئەم سیمپتومە لە نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە- وەلێ سیمپتوکانی فرۆید خۆیان نانووسنەوە و ناگێڕنەوە- هەر بۆیە دەبێت بەم شیوەیە بیر بکەینەوە کە ئەو سۆز و پەیوەندییە دانەبڕاوەی فرۆید لە گەڵ کۆکایندا دەروازە و دەرگای تری لە بەردەم ئێمەدا کردۆتەوە، لەم ڕووەوە هەڵوەستەکردن لەسەر نووسینەکانی سەبارەت بە کۆکاین گرنگە بۆ تێگەشتنی ئێمە لەو دەروازە نوێیانە نەک خۆ خەریکردن بە ژیانی شەخسی فرۆیدەوە)).

کەواتە بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر ئەو ماوە کۆکاینەیەی ژیانی فرۆید، ئەوا پێویستە بە نووسینەکەی سەبارەت بە کۆکایندا بچینەوە و چەند سەرنجێکی کورت بخەینە ڕوو.

سەرەتا فرۆید بۆ یەکەمجار لە نیسانی ساڵی (١٨٨٤)دا لە نامەیەکدا بۆ مارتای دەستگیرانی، باس لە دەستپێکردنی پرۆژەکەی لە بارەی کۆکاینەوە دەکات، بە (بە پرۆژە چارەسازییە)کەی ناوی دەبات و دەنووسێت: (خەریکی خوێندنەوەم سەبارەت بە کۆکاین، گەڵای کۆکاین لەلایەن خێڵە هندییە سوورەکانەوە بەکار هاتووە، خەڵکی لەوێندەرێ بەکاریان هێناوە تا بتوانن بەرگەی نارەحەتی و نەبوونی ژیان بگرن. ئەڵمانییەکانیش ئەم ماددەیەیان بۆ سەربازەکانیان بەکار هێناوە و ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە توانا و وزەی مرۆڤ زیادە دەکات. من بۆ خۆیشم هەندێک بەکاری دەهێنم و تاقی دەکەمەوە، هەر وەک چۆن لەسەر ئەو نەخۆشانەشم کە گیرۆدەی نەخۆشی و دڵ و دەمارن تاقی دەکەمەوە، بە تایبەتی لەو حاڵەتانەدا کە نەخۆشەکە مۆرفینی لێ

دەبڕدرێتەوە تەواو پەرێشان دەبێت، ڕەنگە کەسانی تریش وەک من لە سەرهەمان بابەت ئیش بکەن و لەم ماددەیە بکۆڵنەوە، خۆ ڕەنگیشە نەشگەینە هیچ ئەنجامێک، وەلێ تۆ دەزانیت کاتێک کە مرۆڤ هەوڵ دەدات و بەردەوام دەبێت لە هەوڵ و تەقەلاکانی ئەوا زوو بێت یان درەنگ هەر سەردەکەوێت..[4])

دواتر لە تەمموزی ساڵی (١٨٨٤)دا فرۆید نووسینەکەی بە ناوی ( *Uber* *Coca*)[5]ی بڵاو کردەوە. ئەم تێکستە ڕەنگدانەوەی سۆز و سەرسامبوونی فرۆیدە بە ئەفسون و سیحری کۆکاین. سەرەتا بە وەسفێکی وردی کۆکاین وەک ڕووەکێک دەست پێ دەکات، دواتر بەکارهێنانی لە ڕووی مێژوویییەوە لە وڵاتی پیرۆ و هاتنی بۆ ئەوروپا بەردەوام دەبێت. لە درێژەی نووسینەکەیدا باس لە کاریگەرییەکانی ئەم ماددەیە لەسەر هەردوو مرۆڤ و ئاژەڵ دەکات. لە کۆتاییی نووسینەکەشیدا تیشک دەخاتە سەر ئەگەرەکانی چارەسەرکردن لە ڕێی کۆکاینەوە بۆ گەلێک لە نەخۆشییە فیزیکی و دەروونییەکان. هەر لە سەرەتاوە سیفەت و خاسیەتەکانی ئەم ماددەیە فرۆید سەرسام دەکات، کە ئەویش زیادکردنی توانای فیزیکی و ئەقڵی مرۆڤە بۆ کارکردن بەبێ خواردن و خەو، لەم بارەیشەوە دەڵێت: (بەکارهێنانی کۆکاین بە دۆزێکی ڕێکخراو و سنووردار تەندروستی مرۆڤ باشتر دەکات و خراپی ناکات، نەک ئەوەیش بەڵکوو تەمەنیش درێژتر دەکات..[6]) .

کاتێک باس لە کاریگەرییەکانی کۆکاین دەکات هەم لەسەر خەڵکانی تر و هەم لەسەر خودی خۆیشی ئەوا فرۆید ئەوەی بۆ دەرکەوت کە کاریگەریی ئەم ماددەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. ناتوانین بڵێین کە کەسەکان بە هەمان شێوە و وەک یەک و بە یەک ئاست دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانی کۆکاینەوە. ئەم دەرئەنجامەیش تا ئێستایش لە ڕووی زانستییەوە هیچ تازەگەرییەکی و گۆڕانێکی بە سەردا نەهاتووە. فرۆید پێی وایە کە کۆکاین بە شیوەیەکی ناڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر دەررونی مرۆڤ و هیچ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لە سەر جەستە نییە، ئەوەی بەرزونزمی و ڕادەی ئەم

---

[4] Byck,1974.p.5-6

[5] نوسینەکانی فرۆید لە لایەن (ڕۆبەرت بێک)ەوە لە پەرتوکێکدا بە ناوی (نوسینەکانی کۆکاین) دا کۆکراوەتەوە و لە ساڵی () دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم نوسراوە هەموو کۆمێنتەکان، چاپتەرەکانی کتێبەکەی فرۆید خۆی، زانیارییە مێژووییەکان، نامەکانی فرۆید لە بارەی کۆکاینەوە، زانیارییە باۆگرافیەکانی سەبارەت بە فرۆید، سەرچاوەکانی کە بۆ ئەو بابەتە بەکاریهێناوە هەر هەمووی لەو کتێبەدا هەیە.

[6] Freud,1884,p 52.

کاریگەرییەش دیاری دەکات بارودۆخی ڕەوانی و دەررونی مرۆڤەکەیە و نەک سـروشـتی ماددەی کۆکاین. ئەم پێشـبینیەشـی وای لێ دەکات بگاتە دوو دەرئەنجام سەبارەت بە بەکارهێنان و کاریگەریی کۆکاین لەسەر مرۆڤ:

یەکەم- کۆکاین کاریگەرییەکەی بێشـووماری هەیە لەسـەر ئەو کەسـانەی کە باردۆخی ژیانیان سـەخت و دژاورە یان با بڵێین دەروون خەمۆک، بێدەرەتان و زەبوونن.

دووەم- کاریگەریی کۆکاین کەمترە لە سـەر ئەو کەسـانەی کە کێشـە و گرێی دەروونی گەورەیان نییە، کەسانی خۆشگوزەران وخۆشنوودەن. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێـت کە بـاری ڕەوانی و دەروونی مرۆڤ لە کـاتی هەسـتکردن بە شادومانی و خۆشنوودیدا هەمان کاریگەری وەک کۆکاینی هەیە. بەم مانایەش مرۆڤ ئـالودەی خودی مـاددەکە نـابێت بەڵکوو ئـالودەی ئەو کـارگەرییە کە بەکارهێنانی ئەو ماددەیە بۆی دروسـت دەکات، لە دۆخێکی دەروونییەوە، لە حاڵەتێکەوە دەیبات بۆ حاڵەتێکی تر. خودی ئەم کاریگەرییەش شـتێکی گشـگیر نییە بەڵکوو لە کەسـێکەوە بۆ کەسـێکی تر دەگۆڕێت. لە کاتی خۆیدا فرۆید جەختی لە سـەر ئەو خاڵە کردۆتەوە کە ئەو کەسـانەی کە بێدەرەتان و لاوازن لە ڕووی دەروونی و ڕەوانییەوە نـاتوانن کۆنترۆڵی بەکـارهێنـانی ئەم مـاددانە بکەن و لە کۆتـاییدا هـاوکێشـەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، مـاددەکە تەواو کۆنترۆڵی کەسـەکە دەکات تا دەیگەیەنێتە دۆخی زەبوونی و نابووتی تا دەگاتە لەدەستدانی ژیان و مردنیشی.

لە دوا بەشی نووسینەکەیدا فرۆید باس لە دۆخە وروژێنەر و خرۆشینەرەکەی مرۆڤ دەکات دوای ئەوەی کە کۆکاین بەکار دەهێنێت بە تایبەتی بۆ کەسـانێک کە خاوەنی بەدەنێکی بەهێز و تەندروسـتن، لێرەدا ئاماژە بە خۆیشـی دەکات وەک خاوەن جەسـتەیەکی تەندروسـت و دەڵێت: (کاریگەریی کۆکاین لە سـەر ئەم جۆرە کەسـانە کاریگەرییەکی درێژ خایەنە لە زیادکردنی توانا و وزەی بەدەنی و ئەقڵی بۆ ئیشـکردن و ئەنجامدانی کارێکی زۆر بە بێ هەسـتکردن بە هیلاکی و بێ ئەوەی مرۆڤ پێویسـتی بە نانخواردن یان بە خەوتنی زۆر بێت). لەمبارەیشـەوە پەیوەندی و کاریگەریی کۆکاین لەسـەر جەسـتەی مرۆڤ وەک ئۆرگانیزم و سیستمێک بۆ سێ فاکتەر دەگەڕێنێتەوە کە ئەمانەن:

یەکەم: جۆری سیستمەکە یان ئەو ئۆرگانیزمەی کە کۆکاین دەچێتە ناوییەوە و تێکەڵی دەبێت.

دووەم: ئەو ووزە زینـدووەی کە لە نـاو خودی ئۆرگـانیزمەکەدا هەیە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری و تێکەڵبوونی کۆکاینەوە.

سێهەم: چۆنیەتیی گۆڕینی ئەم وزەیە بۆ کارکردن. وەلێ کۆکاین کەی و لە چ دۆخێکدا دەچێتە نـاو ئۆرگـانیزمەکەوە، چۆن بەکـار دەهێنرێـت؟ ئەمـانە ئەو پرسیارانە بوون کە فرۆید لەو کاتەدا هەوڵی داوە وەڵامیان بداتەوە ئەویش لە ڕێی بە ئاماژەکردن بە چەند نووســـەرێک کە ئەوانیش لەو کاتەدا ســـەرقاڵی لێکۆڵینەوە لە ســـەر هەمان بابەت بوون. فرۆید جەخت لە ســـەر کاریگەریی کۆکاین دەکاتەوە و بە ((ســـەرچاوەی کۆکردنەوە و پاراســـتنی وزە)) ناوی دەبات. لەمبارەیەوە دەڵێت: (ئەو سیستمەی کە تەنانەت دۆزێکی کەمی کۆکاینی وەرگرتووە و هەڵمژیوە ئەوا وەک دەرئەنجـام و کـاریگەریی ئەو مـاددەیە بۆ سەر جەستەکە-سیستمەکە دەتوانێت ئەو وزە زیندووە و بێشوومارە بگۆڕێت بۆ کاروچالاکیەکی زۆر، کە لە دۆخی ئاساییدا بەبێ وەرگرتنی کۆکاین کارێکی مەحاڵە و نـاکرێت. دیســـــان گەر خودی ئەو کـاروچـالاکییـانە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو دابنێن، ئەوا ئەو جەســـتەیەی کە کۆکاینی هەڵمژیوە دەتوانێت بە کەمترین مێتابۆلیزم: واتە بە کەمترین بڕی خواردن ئەو کارانە ئەنجام بدات).

سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی لە سەر ئاژەڵ بە تایبەتی لەو خاڵەی کە پەیوەندی بە بەکـارهێنـانی وزەی زینـدووی خەزنکراوەوە هەیە، فرۆیـد گەشـــتە ئەو دەرئەنجامەی کە لە ئاژەڵدا کۆکاین نابێتەوە بە -ســەرچاوەی پاراســتنی وزە _چونکە ئەو ئاژەڵانەی کە کۆکاینینان لە ســـەر تاقیکرابووەوە زووتر لە ناو دەچوون یان بێوزە و شـــەتەک و ماندوو دەمانەوە بە جیاوازی بەوانەی کە کۆکاینینیان وەرنەگرتبوو. لەمبارەیشـــەوە دەڵێت: ئەم دەرئەنجامە پێچەوانەی ئەوەیە کە ئێمە لە مێژوودا هەمـانە و بەرگوێمـان کەوتووە. بۆ ســـەلمـانـدنی تێزەکەی فرۆید ئاماژە بە ڕووداوێکی مێژوویی دەکات کە لە ســاڵی (١٧٨١) و لە شـاری لاپاز (La Paz) ڕووی داوە، ئەو کاتەی خەڵکی ئەو شـارە لە ژێر ئابڵۆقی داراییدا بوون و لە ژێر هەڕەشـــەی برســـێتی و نەماندا بوون. ئەوا بە تەنها ئەو کەســـانە توانیویانە بمێننەوە بەرگەی برســـێتی بگرن کە کۆکاینیان بەکار هێناوە. فرۆید خۆی دەپرســـێت کە ئایا چ جیاوازییەک لەنێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا هەیە؟ ئەگەر جیاوازیش هەبێت، ئەو جیاوازییانە چین؟ هەڵبەت لە کاتی خۆیدا نەیتوانیوە وەڵامی ئەم پرســـیارانە بداتەوە، بەڵکوو وەک پاســـاوێک بۆ قبوڵکردنی تێزەکەی لە لایەن دەســتەی پزیشـکانی ئەوسـای ڤیینا و هاوکات بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر بۆ لێکۆڵینەوەکانی فەراهەم بکات هەر ئەوەندەی وتوە:

(ســـــيفەتە باش و چارەســــەرییەکانی کۆکاین کە ئێمە وەک ئارگومێنت بەکار دەهێنین شـــایانی ئەوە نییە پێشـــوەخت و بێ چاوخشـــاندنەوە بە ســـوودە زۆرەکانی، ڕەت بکرێتەوە و نکوڵی لێ بکرێت...).

هەر لە هەمان نووســـیندا ســـەبارەت بە بەکارهێنانی کۆکاین لە بری مۆرفین وەک چارەســـەرێک بۆ ڕزگاربوون لە ئالودەبوون بە ماددەی مۆرفین، ئەوا فرۆید پێی وایە کە کۆکاین کاریگەرییەکی بەهێز و دژی هەیە لە ســەر مۆرفین و دەتوانێـت مرۆڤ رزگـار بکـات لە ئـافـاتی ئـالودەبوون بە مۆرفین. لە تێکســـتەکەیدا ئاماژە بە لێکۆڵینەوەی یەکێک لە پزیشـــکەکان دەکات بە ناوی (دکتۆر. جوزێف پۆلاک) لە ســەر نەخۆشـیکی ژن بە ســەریەشــەی شــەقیقە (مایگرێن) کە هاوکات لەگەڵ ســووڕی مانگانەدا تووشـــی دەبوو. فرۆید دەڵێت وەک پشـــتگیرییەک بۆ تێزەکەم پێمباشـــە ئاماژە بە کارەکەی دکتۆر جوزیف بکەم کە لەمبارەیەوە نووســـیویەتی: (ژنێکی تەمەن ســـی و دوو ســـاڵ کە بە دەست نەخۆشیی شەقیقەوە لە کاتی سووڕی مانگانەدا ئەینالاند و گیرۆدە بوو، تاکە چارەیەکیش لەو کاتانەدا بۆ ئەم نەخۆشـــە لێدانی دەرزی مۆرفین بوو. ئەگەرچی ژنەکە لە کاتی ئاساییدا و لەو کاتانەی کە سەری نەدەیەشا هیچ کات ئارەزووی بەکارهێنانی مۆرفینی نەبوو. وەلێ کاتێک سـەریەشـەکەی بۆ دەهات وەک ئالودەیەک بە مۆرفین ڕەفتاری دەکرد. دوای چەند سەعاتێک لە وەرگرتنی دەرزی مۆرفین، تووشـــی خەمۆکی و بێزاری لە گەڵیدا هێڵنجدان و ڕشـــانەوە دەبوو، هەموو ئەم نـاڕەحەتی و ئـازارەنەیش بە لێـدانی دەرزی دووەم دەوەســـتێنرا. وەلێ ســـیمپتومی دەرزی دووەمی مۆرفینەکە وەک بێهودەیی و هیلاکی هاوکات لەگەڵ کاریگەریی هێرشـــی شـــەقیقەکە ژنە نەخۆشـــەکەی بۆ سێ ڕۆژ لە جێگەدا لە دۆخێکی تەواو خراپدا دەخست. دواتر کۆکاینمان بەکار هێنـا وەک هەوڵێـک بۆ زاڵبوون بە ســـەر شـــەقیقەکەدا، بەڵام خودی چارەســـەرییەکە ســـەرکەوتوو نەبوو بۆ وەســـتانی ئازاری شـــەقیقەکە، چونکە کۆکاین ئازاری ســـەریەشـــەکەی نەدەوەســـتان، هەر بۆیەش دەبوو بگەڕێنەوە ســـەر بەکارهێنانی دەرزی مۆرفین، واتە دەبوو دەرزی یەکەم وەربگرێت بۆ خودی چارەسـەری ئازاری شـەقیقەکە، بەڵام کۆکاینمان بری (1dg) بەکارهێنا کاتێک کە سیمپتومەکانی ئالودەبوون بە مۆرفین لە سەر ژنەکە دەردەکەوتنەوە، بەمەیش نەخۆشـــەکە لە ماوەیەکی کورتردا بەبێ دەرزی دووەمی مۆرفین لە سەریەشەکەی ڕزگاری بوو..).

لە درێژەی باسەکەیدا سەبارەت بە بەکارهێنانی کۆکاین وەک چارەسەرێک بۆ ڕزگاربوون لە ئالودەبوون بە ماددە کحولییەکان، فرۆید دەڵێت لە ئەمەریکادا کۆکاین وەک چارەسەرییەک بۆ ئەلکهولیزمی درێژخایەن، شان بە شان بۆ چارەسەرکردنی ئالودەبوون بە مۆرفین بەکار هاتووە. فرۆید جەختی لە سەر ئەم بابەتە کردووە دەڵێت: (چەندین ڕاپۆرتمان لە بەردەستدایە کە باس لە چارەسەرکردن لە هەردوو دۆخەکەدا دەکەن. سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەلکهولیزم چەندین حاڵەتمان هەیە کە بە سەرکەوتوویی کەسەکە توانیویەتی یان بە تەواوی دەستبەرداری کحول بێت وە یان خواردنەوە کەم بکەنەوە). دواتر لە بەشێکی تری ئەم نووسینەدا دێمەوە سەر دیدی فرۆید سەبارەت بە ئەلکهول و کەسی ئەلکهولی.

لە دوا بەشی نووسینەکەیدا فرۆید باس لە کۆکاین وەک وروووژێنەری شەهوەتی سێکسی دەکات و لەمبارەیەشەوە دەڵێت: (خەڵکانی ئەمریکای باکوور خوادوەندی جوانیان بە شێوەیەک شوبهاندوە و وێناکردوە کە گەڵایەکی کۆکاین لە ناو دەستەکانیدایە. هەر بۆیەش گومانم لە وزە وروووژێنەرەکەی کۆکاین بۆ زیادکردنی وزەی سێکسوالیتی نییە).

لێرەیشدا ئاماژە بە لێکۆڵینەوەی چەند نووسەرێک دەکات لەوانەیش (مانتێگەزا) کە جەختی لە سەر توانا وروووژێنەرەکەی کۆکاین کردووە بە تایبەتی بۆ کەسانی بەساڵاچوو کە توانای سێکسیان زیادی کردووە دوا بە دوای بەکارهێنانی کۆکاین. ئەگەرچی مانتێگەزا باوەڕی بەوە نەبووە کە ئەم کاریگەرییەی کۆکاین لە کەسەکاندا بە یەک جۆر بێت بەڵکوو دیسانەوە لەم خاڵەیشدا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. سەبارەت بە ئەزمونە کلینیکییەکانی خۆی لەمبارەیەوە، فرۆید دەڵێت: لە نێو ئەو کەسانەی کە کۆکاینم پێداون سێ حاڵەتی توندوتیژیی شەهوەتی سێکسی تۆمار کردووە کە دەتوانم بێگومان بیبەستمەوە بە بەکارهێنانی کۆکاینەوە. لەوانەیش نەخۆشێکی نووسەری گەنج بوو کە بەکارهێنانی کۆکاین یارمەتی دا بگەڕێتەوە سەر ئیش و نووسینەکانی دوای نەخۆشییەکی درێژخایەن، وەلێ بە هۆی کاریگەرییە لاوەکی و نەخوازراوەکانی کۆکاینەوە، ناچار بوو واز لە بەکارهێنانی بێنێت.

لە سەر کاریگەریی کۆکاین لە سەر بەدەن و جەستەی مرۆڤی تەندروست و لەشساغ، فرۆید دەڵێت کە ئەو تاقیکردنەوەکانی هەم لە سەر خەڵکی و هەمیش

له ســـــەر خۆی ئەنجام داوە، دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکانیشـــــی تا ڕادەیەکی زۆرهاوشـــــیوەیە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی مانتێگەزایە. بە وردیش باس لە بڕی ئەو کۆکاینە دەکات کە یەکمجار بۆ خۆی بەکاری هێناوە، وەســـــفی دۆخە دەروونییەکەی خۆی دەکــات کە چۆن لە دۆخێکی دەروونی تــا ڕادەیەک لاوازەوە گۆڕاوە بۆ دۆخێکی باشـــــتر بە وزە تر. فرۆید دەڵێت دوای چەند چرکەیەک لە خواردنی کۆکاین جۆرێک لە خرۆشـــــان و هەســـــتی خۆشـــــی و ســـووکوســـوڵی بە لەشـــمدا هاتووە کە پێشـــتر ئەزموونم نەکردووە. هەڵبەت لە تێکســـــتەکەدا بە وردی باس لە ڕێژە و بڕی ئەو دۆزەی کۆکاین دەکات کە ڕۆژانە خۆی بەکاری هێناوە و هاوکات کاریگەرییەکانی لە ســـــەر جەســـــتە و دەروونی تۆمــار کردووە، وەلێ من لێرەدا بە گرنگی نــازانم کە بــاس لەم وردەکارییانە بکەم چونکە پەیوەندی بە کرۆکی بابەتەکەی ئێمەوە نییە.

دواجار دوای نزیکەی ساڵیک لە لێکۆڵینەوە و نووسین سەبارەت بە کۆکاین، لە مانگی مارســـی ســـاڵی (١٨٨٥)دا فرۆید کورتەی نووســـینەکەی ســـەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی لە ســـــەر کۆکاین لە بەردەم دەســـــتەی ســـــایکایتری ڤییەنادا خوێندەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بەر لەوەی باس لە کۆکاین بکات وەک ماددەیەک بۆ چارەســـەرکردنی کەســـە ئالودەکان بە مۆرفین، باســـی لە خاســـیەتێکی تر و بەکارهێنانێکی تری گرنگی ماددەی کۆکاین لە بواری دەرمانســـــازیدا، وەک چارەسـەرێک بۆ نەخۆشـیی دەروونی کرد، کە لەو کاتەدا فرۆید پێی وابووە کە ئەم بەکارهێنانە بە قازانجی سـایکایتریدا دەشـکێتەوە. ئەو دەڵێت: (سـایکایتری دەوڵەمەندە بە ماددە هۆشبەرەکان کە دەتوانرێت بیخاتە خزمەت و بەکارهێنانی مرۆڤایتییەوە بۆ زیادکردنی چالاکییەکانی مێشکی مرۆڤ. وەلێ هەر لە هەمان کایەدا، کەموکورتییەکی زۆر هەیە لە بەکارهێنانی ئەو ماددانەی کە دەتوانن ووزە و برە و بدەن بە سـیسـتمی مێشـکێکی خەمۆک و پەشـێو. هەربۆیەیش سـروشـتییە، کە ئێمە لێرەدا سـوود لە کۆکاین وەربگرین کە پێشـتر ئاماژەمان پێکرد لە فۆڕمەکانی نەخۆشـــــیدا و ڕوومان کردەوە، کە بە لێکدانەوەی ئێمە دەتوانێت کاریگەریی بێشـوماری هەبێت لە سـەر دۆخی لاوازی و خەمۆکی ســـیســـتمی نیرۆس لەو کاتەدا کە خودی خەمۆکی و لاوازییەکە پەیوەندی بە بوونی ئـافـاتێکی ئۆرگـانییەوە نییە. ئەوەی ڕاســـــتیش بێـت کۆکـاین هەر لە

سەرەتای دۆزینەوەیەوە وەک چارەسەرێک بۆ هیستریا و هیپۆکۆندۆریا (دڵەڕاوکێ و واسواس)...هتد بەکار هاتووە.[7](...

ئەم پەرەگرافەی سەرەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە فرۆید پێی وابووە کە کۆکاین سوودبەخشە وەلێ وەک دەرمانێک لە بواری دەرمانسازیدا کە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی تێکچوون و لاوازی دۆخی دەروونی کە خودی دۆخەکە بە هۆی کێشەی ئۆرگانییەوە دروست نەبووە. هەڵبەت ئەم دەرئەنجامەیشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەکارهێنانی کۆکاین لە دۆخی نالەباری و تێکچوونی دەروونیدا جۆرێک لە خۆشی و خرۆشی بۆ کەسەکە دروست دەکات و لە دۆخێکی دەروونی نالەبارەوە دەیخاتە دۆخێکی دەروونی باشتر. پرسیارەکەی فرۆیدیش لە کاتی خۆیدا هەر ئەوەبوو، کە بۆچی ئەم ماددەیە بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان، کە خودی نەخۆشییەکە پەیوەندی بە تێکچونی سیستمەکە نییە واتە نیرۆتیکی نییە، بە تایبەت هیستریا زۆر باش ئیش دەکات؟ بەڵام بەر لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بزانین گرنگە بگەڕینەوە سەر خاڵیکی گرنگ ئەویش ئاماژەی فرۆید بۆ (..لاوازی و خەمۆکی دۆخی دەروونی مرۆڤ بەبێ بوونی نەخۆشییەکی ئۆرگانی). ئەم دەستەواژەیە لە هزری فرۆیدیدا بۆ خۆی بە گۆڕان دادەنرێت. چونکە گەر بگەڕینەوە سەر سالانی نێوان (١٨٨٢-١٨٨٥) دا، ئەوا دەبینین کە ئەو لەو ماوەیەدا کارێکی زۆری لە سەر هەردوو بواری ئاناتۆمی نیرۆس و سایکۆلۆژیای نیرۆسدا کردووە. لە چواچیوەی کارە تیۆرەیەکانیدا بۆی دەرکەوتووە کە هیستریا و زۆرێک لە نەخۆشییە دەروونییەکانی تریش بنەمایەکی ئۆرگانیان نییە، واتە خودی سیستمەکە نەخۆش نییە بەڵکوو بەر ئازار و ئەشکەنجە دەکەوێت. هەر بۆیەش کاتێک کە نووسراوەکەی لە سەر کۆکاین خوێندەوە باسی لەو دۆخە دەروونییانەی مرۆڤ کرد کە بێ بوونی نەخۆشیی ئۆرگانی دروست دەبن، هاوکات باسیشی لە گرنگی کۆکاین کرد وەک چارەسەرێک. ئەم بازهەڵدانە لە فیکری فرۆیدیدا سەبارەت بە نەخۆشیی دەروونییەکان بەبێ بوونی هۆکارێکی ئۆرگانی بۆ خۆی جێی سەرنجە، کە لە کاتی خۆیدا وەڵامی تەواوی بۆ تێزەکەی نەبوو. سەرسامی و سۆزی فرۆید بۆ کۆکاین و بەکارهێنانی و کاریگەرییەکانی لە سەر دەروونی مرۆڤ شتێک نەبوو هەر وا بە ئاسانی تێپەڕێت بەڵکوو ئارەزووی بۆ کۆکاین، هاوکات شکستیشی لە گەشتن بە ئامانجەکەی، وای لێ کرد کە ئەفسانەی لیبیدۆ بدۆزێتەوە و بیبەستێتەوە بە وزەی سێکسی مرۆڤەوە. ئەم ئارەزووە بەردەوام دەبێت تا دواتر لە ساڵی

[7] Freud ,1885b, p.116.(ئینگلیزییەکە تێکستە بۆ خۆم وەرگێڕانی )

(١٩٢٠) واتە دوای سـی و پێنج سـاڵ لە کارکردن و نووسـین لە کتێبی (لە سـەروو پرەنسـیپی چێژەوە)، فرۆید ئەوە دەدۆزێتەوە کە پرەنسـیپێکی تر_چێژێکی تر مرۆڤ بەڕێوە دەبات کە دەکەوێتە سـەروو پرەنسـیپەکانی ترەوە.

بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ماوە کۆکاینەی فرۆید بهێنن هەم لە ژیانی خۆیدا و هەمیش وەک ئۆبێکتی چارەسـازی و یاخود وەک فانتازی فرۆید بۆ کۆکاین وەک چارەسـەرێکی پزیشکی و دەرمانسـازی، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دوو سـاڵ دوای بڵاوبوونەوەی یەکەم نووسـراوی سـەبارەت بە کۆکاین لە مانگی حوزەیرانی سـاڵی (١٨٨٧)دا فرۆید دوا نووسـین و سـەرنجی خۆی سەبارەت بە کۆکاکین بە ناونیشانی (گەڕان بە دوای و ترس لە کۆکاین)دا بڵاو دەکاتەوە و تا بەم نووسـینەیشـی کۆتایی بەو زەمەنەی ژیانی خۆی و بەکارهێنانی کۆکاین بهێنێت. جێی باسە کە لە ماوەی نێوان بڵاوکراوەی یەکەم و دووەمدا، ئەو زیاتر و زیاتر سەرقاڵی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هیستریا بوو کە بە ڕوونی ئاماژەکانی کۆکاین دەبینین بە سـەر ئەم بابەتەوە. هەڵبەت با بیرمان نەچێت لە کاتی خۆیدا و ئیسـتاش، فرۆید بەوە تاوانبار دەکرێت کە دەستێکی باڵای لە بڵاوبوونەوەی کۆکایندا هەیە. کۆکاین وەک ئافاتی سێهەمی دژ بە مرۆڤایەتی، شانبەشانی ئالودەبوون بە ئەلکهول و مۆرفین. بەڵام دەبێت ئەوەیش لە یاد نەکەین کە لە هەمان نووسراودا فرۆید خۆی دان بەو ڕاستیەدا دەنێت کە بەکارهێنانی کۆکاین بۆ کەسـانی ئالودە بە مۆرفێن شـتێکی باش و بەسوود نییە و ئەنجامێکی باشی نابێت چونکە کۆکاین دەبێتەوە بە جێگرەوەی مۆرفین، واتە خودی ئالودەبوونێکەوە دەمێنێتەوە، ئەوەی کە دەگۆڕێت ئۆبێکتی ئالودەکەیە. لەمبارەیەوە دەڵێت: (هەموو ڕاپۆرتەکان سـەبارەت بە ئالودەبوون بە کۆکاین و زەرەر و زیانەکانی کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی کۆکاینەوە دووچاری مرۆڤ دەبێت ئەوەمان پێ دەڵێن، لێرەدا ئاماژە کەسـی ئالودە بە مۆرفین دەکات، ئەو کەسـانەی کە پێشـوەخت لە چنگی شـەیتانێکی تردان و دەناڵێنن زۆر لاواز و بێئیرادەن، ئەوەندە بێدەرەتان و ناسـکن لە ڕووی دەروونییەوە کە هەر شتێکی تر بکەوێتە بەردەستیان وەک فریادڕەسێک ئەوا پەلاماری دەدەن و خراپ بەکاری دەهێنن یاخود نازانن چۆن بەکاری بهێنن. کۆکاین بانگەشـەی تری نییە و بۆ خۆیشـی هیچ قوربانییەکی نییە..[8]) . هەمیسان گەر بە ووردی لەم بۆچوونەی بکۆڵینەوە ئەوا هەر دەگەینەوە سەر

[8] Freud ,1887, p.173.(ئینگلیزییەکە تێکستە بۆ خۆم وەرگێڕانی )

هەمـان دەرئەنجـامی یەکەمی کە ئەویش کۆکـاین بۆ خۆی نـابێت بە هۆی دروســتبوونی ئالودەبوون بەڵکوو ئەوە دۆخ و باری دەروونی کەســەکەیە کە کاریگەریی کۆکاین و خودی ئالودەبوونەکەیش دروســت دەکات. هەر ئەمەیش وادەکات کە کاریگەرییەکانی کۆکاین لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگۆڕێت.

**فرۆید و فانتازیای لەدەستچوو**

وەک پێشـــتر باســـمانکرد لەو ماوەیەی کە فرۆید ســـەرقاڵی نووســـین لێکۆڵینەوەکانی ســـەبارەت بە کۆکاین بوو، تەواو باوەڕی بەم ماددەیە بووە وەک دەرمانێکی ئایدیاڵ و بێوێنە بۆ چارەسەری زۆربەی گرفتە دەروونییەکانی مرۆڤ. وەلێ بەکارهێنان و لێکۆڵینەوەکانی لە ســـەر کۆکاین وەک زانایەک و پزیشـــکێک لەگەڵ فانتازیا و خەیاڵەکانیدا وەک مرۆڤ یەکی نەگرتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە دەبوو دەســـتبەرداری فانتازیای خۆی و ئۆبێکتی فانتازیەکەشـــی بێت، هەر لە ســەرو بەندی ئەو ماوەیەدا فرۆید وەک دەروونشـیکارێک لەدایک دەبێت و بەردەوام دەبێت. لێرەیش بەدواوە حەز و ئارەزووی فرۆید بۆ کۆکاین کاڵ بووەوە و نەیتوانی خۆی بنووســـێتەوە، وەلێ ئۆبێکتی ئارەزووەکەی و فانتازییەکەی ڕێی بۆ کردەوە بۆ دۆزینەوەی ئۆقیانوســە ڕەشــەکەی مرۆڤ کە نەست و خودنائاگاییە.

لە ســـاڵی (١٨٨٨)دا، دوای دەســـتبەرداربوون لە کۆکاین هەم وەک فانتازیای پزیشـــکی و هەمیش وەک ئۆبێکتی چێژ و وزە بۆ فرۆید خۆی، وتارەکەی بە ناوی هیســـتریا بڵاو کردەوە و لەو وتارەیشـــدا جارێکی تر ئاماژە بە ماددە ژەهراوییەکان-تۆکسیکەکان لەوانەیش ئەلکهول دەکات و بە ماددەی مەترسیدار و دەرەکی ناویان دەبات کە مەترسیی خراپیان بۆ سەر دەروونی مرۆڤ هەیە. ماددە هۆشــبەرەکانیش بە یەکێک لەو ماددانە دادەنێت کە دەبێتە هۆی ئەگەری دروستبوونی هیستریا لە مرۆڤدا، لەمبارەیەوە دەڵێت:

((.. ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دروسـتبوونی حاڵەتی نەخۆشـیی هیسـتریای کتوپڕ ئەمـانەن: تراومـا، مـاددە ژەهراوییەکـان لەوانەیش ئەلکهول، ئـازار و ناسۆری، هەڵبەز و دابەزی هەستوسۆز، نەخۆشیی درێژخایەن و تاقەتپڕۆکێن،

هەر شـــتێکی تر کە بتوانێت کاریگەرییەکی زۆر هەبێت بۆ ســـەر دەروونی کەسەکە....)).

وەک دەبینین دوای چوار سـاڵ لە خولیا و سـەرسـامی فرۆید بۆ کۆکاین وەک دەرمـانێکی بێ هـاوتـا و ئـایدیـاڵ بۆچـارەســـەری نەخۆشـــیی دەروونی و کەمکردنەوەی ئازار و ناسـۆرییەکانی مرۆڤ، سـەرسـامبوونی خۆیشـی بە بەکارهێنانی کۆکاین وەک سـەرچاوەی وزەیەکی بێشـوومار بۆ مرۆڤ کە لە ڕێیەوە بتوانێت بێ خەو و خواردن هەموو چالاکییەکی زەینی و جەســـتەیی ئەنجـام بـدات. وەلێ لێرەدا بە پێچەوانەوە فرۆیـد خۆی بە درۆ دەخـاتەوە و پێمان دەڵێت کە بوونی ئەم جۆرە لە دەرمان وەهمێکە و هیچی تر، شـتێک نییە بە ناوی دەرمانێک کە بتوانێت مرۆڤ ڕزگار بکات لە ئازار و ناســۆرییەکانی، نەک ئەوەیش بەڵکوو هۆشـــداریمـان لە بەکـارهێنـانی ئەم جۆرە مـاددەیەدا دەداتێ، تەنانەت لە حاڵەتی توشبون بە هیستریای کتوپڕیشدا، فرۆید پێی باش نییە کە مرۆڤ هانا بۆ ئەم جۆرە ماددانە بەرێت و خۆی پێ فێر بکات. چونکە بە قازانجی نەخۆشـــەکە ناکەێتەوە بەڵکوو زەرەر و زیانەکانی زیاترە. ئەوەی جێی سـەرنجە کە لەم وتارەشـیدا فرۆید باس لە ئالودەبوون ناکات بەڵکوو بە تەنها بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان بۆ چارەسـەکردنی نەخۆشـیی دەروونی بە تایبەتیش هیستریا ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت: (سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین کە ئێمە هیچ چارەسەرییەکی دەرمانسازی بە باش نازانین وپێشنیاریشی ناکەین، وەکچۆنیش هۆشـــداری دەدەین بە بەکـارهێنـانی هەموو جۆرە مـاددەیەکی هۆشـــبەر لەم دۆخانەدا. چونکە بەکارهێنانی ماددە هۆشـــبەرەکان لە دۆخی هیســـتریای کتوپڕدا هیچ نییە جگە لە هەڵەیەکی گەورە نەبێت کە بەرامبەر بە نەخۆشەکە دەکرێت..)).

دواتر لە سـاڵی (١٨٩٠)دا لە نووسـینێکیدا بە ناوی (چارەسـەرە فیزیکییەکان)دا، بە تایبەت لە سـەر بابەتی چارەسـەرکردن لە ڕێی خەولێخستنەوە( *Hypnotic Treatment*) نووسیویەتی کە نابێت هیپنۆسس وەک دوا میتۆدی چارەسەری بەکار بهێنرێت بۆ هەموو نەخۆشـــیە دەروونیەکان بەڵکو ئەم میتودە زیاتر لە حـاڵەتی نەخۆشـــیی دەروونی یـان ڕەفتـار و خووی نـاتەنـدروســـت وەکو ئەلکهولیزم، ئالودەبوون بە مۆرفین یان لادانی لە ڕووی ســـێکســـوالیتیەوە ســـوودی هەیە. وەک دیـارە لێرەدا فرۆیـد ئـامـاژە بەوە دەکـات کە میتۆدی خەولێخســـتن تەنها لەو کاتانەدا بەکاربهێنرێت کە خودی نەخۆشـــیەکە یان

ڕەفتارو خووەکە وەک لە حاڵەتی ئالودەبوون بە ئەلکهول و مادده هۆشبەرەکان کە هۆکارێکی ئۆرگانی لە پشتەوە نییە، ئەمەیش ئاماژەیەکی روونە کە خودی ئالودەبوونی بە نەخۆشـــی نەبینیوە. بۆ ئەوەی زیاتر لە دیدی فرۆید نزیک بینەوە سـەبارەت بە ئالودەبوون و ئاماژەکانی ئەوا پێویستە باس لە دیدی ئەو بکەین لە سەر ئەلکهول و کەسی ئەلکهولی.

## فرۆید سەبارەت بە ئەلکهول و کەسی ئەلکهولی

ئەوانەی لە دوور و نزیک کەســێکی ئالودە بە ئەلکهول بناســن هەســت بەوە دەکەن کە یەکێک لە میکانیزمی بەرگریی ئەم کەســـانە نکوڵیکردن و نەبینیی خۆیانە وەک کەســـی ئالودە و گیرۆدە بە دەســـتی ئەلکهولەوە. وەکچۆنیش ناتوانن دان بەو ڕاستییەدا بنێن کە مەشروب خواردنەوە تا ڕادەی ئالودەبوون کردوونی بە کەسی نابووت و نەکردە و زەبوون. دوورخستنەوەی کێشـەکە لە خۆیان و بینینی خۆیان لە دەوەوەی سـیپمتومەکانی ئالودەبوونیان بە ئەلکهول یەکێکە لە کێشـــە گەورەکان نەک هەر بۆ خۆشـــیان بەڵکوو بۆ کەســـانی دەوروبەریشـــیان. چونکە ئالودەبوون بە ئەلکهول هێندە گرفتئامێز و ئاڵۆزە ناتوانین سیمپتومەکانی لە خودی کەسـەکان جیا بکەینەوە. بە جۆرێک کەسـەکە لە گەڵ شـــەرابەکەی تێکەڵ و ئاوێزانی یەکتر دەبن، کە ئەوانەی لە دەرەوەی کەســـەکەن ناتوانن مەزەنەی ئەوە بکەن و تێبگەن، کامە شـــەرابەکەیە و کامە خودی کەســـەکەیە. ناتوانیت دڵنیا بیت لێیان ئەو کاتەی ســـنورری نێوان شەرابەکە و کەسەکە نامێنێت و هەردووکیان دەبن بە یەک، ئەستەمە بزانیت چ کاتێک لە خۆشـــەویســـتیداین یان چ کاتێک پڕاو پڕ دەبن لە ڕق، کەی باشـــە دەکەن و کەی بە هەدووکیان پەلامارت دەدەن. هەر بۆیە تا کەســـەکە ئالودەتر بێت خودی ئەو میکانیزمە بەرگرییانەیشـــی بۆ شـــاردنەوەی ئالودەبوونەکەی توندتر و بەهێزتر دەبن و بە فۆرمی جیاواز خۆیان نمایش دەکەن، لەوانەیش درۆکردن، نکوڵیکردن، بەرپرسیارکردنی ئەوانی تر وەک سەرچاوەی کێشەکانی و دۆزینەوە و قۆســـتنەوەی هەموو هەلێک و هەڵەیەک لەوانی تردا تا بیکاتە بەهەنایەک بۆ باوەشـــکردن بە بوتڵی شـــەرابەکەیدا وەک خۆشـــەویشـــترین خۆشـــەویســـت. ئەوانی تر بۆ کەســـی ئەلکهولی ســـەرچاوەی غەم و ئازار و ناســـۆرین. ئەوە گوناه و خەتاباری ئەوانی ترە کە جوانی، زرنگی، ســـۆز و خۆشەویستی ئەم نابینین، ئەوانی تر تەنانەت لە ئاستی تێگەشتن و زیرەکی و ژیری ئەمدا نین. هیچ کاتێکش هەست بەو خۆشـەویستی و سۆزە ناکەن کە لە

دڵی ئەمی (مودمن-ئالودە) هەڵدەقوڵێت بۆیان. بۆیە ئەوانی تر جێی بەزەیی و سۆزی ئەم نین و شایانی ئەوە نین کە ئەم ئاوڕیان لێ بداتەوە. کاتێک کەسی ئالودە، دەرەوەی خۆی بە دۆزەخی خۆی ببینێت ئەوا تاکە بەهەشتێک و فریادڕەسێک، کە هیچ کات لێی وەڕس نابێت و هەمیشە باوەشی کراوەیە بۆی تا لە ئامێزی بگرێت، بوتڵە شەرابەکەیەتی، بوتڵە شەرابەکەی وەک تاقانترین و میهرەبانترین یار دەتوانیت بە بێدەنگی باوەشی بۆ بکاتەوە و وێنا ئایدیاڵەکەی خۆی بۆ دووپات بکاتەوە. ئەو وێنە خەیاڵییەی کە کەسی ئالودە بۆ خۆی هەیەتی و گەرەکیەتی ئەوانی تریش لەو جێگەیەوە ببینن و تەماشای بکەن.

فرۆید درکی بەم گرفتەی کەسی ئەلکهولی کردووە لە نامەیەکدا بۆ فلایشی هاوڕی کە بە ڕەشنووسی (H) ناو دەبرێت سەبارەت بە پارانۆیا نووسویەتی، باسی لەم نکوڵیکردنەی کەسی ئالودە بە مادە ئەکهولیەکاندا کردووە و دەڵێت: (کەسی ئەلکهولی هەرگیز بۆ خۆی ناتوانێت دان بەو ڕاستییەدا بنێت کە مەیخواردنەوە نابوت و کەموکورتی کردووە. لە گەڵ ئەوەی کە بەرگەی زەبری خواردنەوە دەگرێت کەچی ناتوانێت بەرگەی ئەو ڕاستییە بگرێت و درکی پێ بکات کە ڕسوای دەستی خورادنەوەیە. لە مەغزی ئەودا، ئەوە گوناهی ژنەکەیەتی و ئەو دەبێت لۆمە بکرێت بۆ ئەم ڕسواییە- ئەوەی پێدەڵێن وەهمی ئیرەیی و ئەو شتانەی تریش... کەسی ئەلکهولی دەڵێت: گرفتی سێکسوالیتیم هیچ پەیوەندییەکی بە خواردنەوەی منەوە نییە، بەڵکوو ئەوە ژنەکەمە کە دەبێت لۆمە و سەرزەنشت بکرێت).

هەڵبەت ئەمە یەکەم جارە کە فرۆید باس لە ئەلکهۆلیزم بکات و بیبەستێتەوە بە سێکسوالیتیەوە، ئەوەیش گرنگە بزانین کە ئەم ئاماژەیەی لە کۆنتێکستی پارانۆیادا کردووە. خاڵیکی تری گرنگ کە ئەو لەو نامەیەدا ئاماژەی پێ کردووە، نکولیکردنە لای کەسی ئەکهولی وەک میکانیزمێکی بەرگری، گوناهبارکردن و لۆمەکردنی ئەوانی تر وەک سەرچاوەی کێشەکانی و نەهامەتییەکانی. جارێکی تریش لە تێکستەکەیدا سەبارەت بە شریبەر فرۆید باسی لە وەهمی ئیرەیی لای کەسی ئەلکهولیست کردووە. هەمیسان لە نامەیەکی تردا، بۆ فلایشی هاوڕێ کە مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٨٩٦)دا دەگەڕیتەوە، وە ئەم نامەیەش بە ڕەشنوسی (K) دەناسریتەوە، ئاماژەی بە مەیخواردنەوە وەک سیندروم(*Dipsomania*[9]، وەک سیمپتومی لاوەکی

[9] :. *Dipsomania* کە بە مانای هەوەس و خرۆشی دێت ( Mania )واتە تینوویەتی ،لەگەڵ *(Dispo)* ووشەکە گریکیە لە دوو بڕگە پێکهاتووە خودی تێرمەکەش لە ڕووی مێژوویی و پزیشکیەوە بۆ وەسفکردنی حاڵەتی خواردنەوەی ئەلکهول بەکارهاتووە کاتێک مرۆڤەکە کۆنترۆڵ بە سەر خواردنەوەکەیدا لەدەستدەدات.

کردووە. ئەم سیمپتومەیش وەختێک دروست دەبێت کە پاڵنەرە نیرۆتیکییەکان لە واســـواس و کەلکەڵە و دەگوازرێنەوە بۆ ئەنگێزەی بزوێنەر و جووڵەیی و دەبنەوە بەدژێک و بەرگرییەک بەرامبەر بە خودی واسواسییەکە.

جێی باسە کە فرۆید لە نوسینێکی تریدا بە ناوی ((سەرنجی زیاتر سەبارەت بە نێرۆســـــایکۆســـــی بەرگری--Further Remarks on the Neuro Psychoses of Defence )) لە سـالّی (١٨٩٦)دا، دەگەڕێتەوە سـەر بابەتی ئیرەیی لای کەســـی ئەلکهولیســـــت و جارێکی تر ئالودەبوون وەک دۆخێکی سـڕبوون بۆ مێشـک وەسـف دەکات، کە بە هۆیەوە مێشـک بەرگری لە خۆی بەرامبەر کاریگەریی واســـواســـبوون دەکات. دیســـانەوە خواردنەوە وەک سـیمپتومی لاوەکی لە نێو نیرۆسـە وەسـواسـییەکاندا دەبینێت کە وەزیفەکەی تەنها سڕکردنێکی کاتییە و هیچی تر.

هەر لە ســر هەمان بابەت لە نامەیەکی تریدا بۆ فلایشـی هاوڕێ بە بەرواری یانزەی کانونی دووەمی سـالّی (١٨٩٧) ئەوەی نووسـیوە کە: (دیسـپۆمانیا لە ڕێی و بەهۆی چڕبوونەوە، یـان بـاشـــترە بڵێین جێگرتنەوەی ئەنگێزەیەکی سێکسی لە بری یەکێکی تر دروست دەبێت. هەروەها ئاماژەیشی بەوە کردووە کە هەمان شت دەتوانین سەبارەت بە کەسی قومارچی بڵێین).

ئەمەیش یەکەمجارە کە فرۆید بە دیاریکراوی ئاماژە بە ئالودەبوون بکات لە هەردوو حاڵەتی ژەهراوییبوون-تۆکسیکۆمانیا و قومارکردندا و بیبەستێتەوە بە سێسکسوالیتەوە. واتە ئالودەبوون بە قەرەبوو و جێگرەوەی ئارەزووە-غەریزە سێکسییە چەپێنراوەکان بیبینێت. هەڵبەت جارێکی تر دێتەوە سەر ئەم باسە و لە نووسـینەکەیدا لە ســر دۆســتویڤسـکی باس لە گرفتی قومارکردن وەک قەرەبوویەک بۆ ئارەزووە بە دینەهاتوو و چەپێنراوە سـێکسـیەکان دەکات. لە بەشـێکی تری ئەم نووسـینەدا دێمەوە ســر باسـی ئالودەبوون بە قومار و دۆستۆیڤسکی وەک قومارچییەک.

ئێسـتا با بگەڕینەوە سـەر گرفتی ئیرەیی لای کەسـی ئەلکهولی و پەیوەندی بە سـێکسـوالیتیەوە، ئەوا فرۆید لە شـیکارییەکەی خۆیدا لەمبارەیەوە زیاتر قووڵ دەبێتەوە و لە ســـالّی (١٩١١)دا، لە وتـارێکیـدا بە نـاوی (ســـەرنجە دەروونشـیکارییەکان لە ســر کەیسـێکی ئۆتۆبایۆگرافی دەربارەی پارانۆیا)دا پێمان دەڵێت کە: (( لە هەموو ڕوویەکەوە ڕۆڵی ئەلکهول و کاریگەرییەکانی لە سـەر وەهمی ئیرەیی لای کەسـی ئەلکهولی شـتێکی بەرچاوە و دیارە. ئێمە

ئەوە دەزانین کە سـەرچاوەی چێژ بۆ کەسـی ئەلکهولیسـت جیاوازە و لە جۆرێکی ترە. لە ڕاستیدا ئەوە بە تەنها نائومێدی و ڕەنج بەخەساری پیاو نییە بە ژنەکەی، کە بە ناوی ئیرەیییەوە بەرە و خورادنەوە کێشی دەکات و وای لێ دەکات ڕووە و قاپی مەیخانەکان مل بنێت و لەگەڵ پیاوی تردا مەی نۆش بکات، بەڵکوو ئەوە ئەو چێژ و خۆشییە کە پیاوانی تر پێی دەدەن، ئەو پیاوانەی کە شـادی و چێژی پێ دەبەخشـن و جێی ژنەکەی بۆ دەگرنەوە، ئەو خۆشـنودەیی و چێژەی کە نەیتوانیوە لە ژنەکەی و لە مـاڵەکەی خۆیـدا وەریبگرێت. کەواتە گەر ئەو پیاوانە ببنەوە بە سـەرچاوەی لێبدۆ و چێژ لە نەستی پیاوی ئەلکهولیستدا، ئەوا دواجار دێت و ئەم چێژە لیبیدۆیەی نەستی خۆی پێچەوانە دەکاتەوە و لە بری ئەوە دەڵێت، ئەوە من نیم کە ئەو پیاوانەم خۆش دەوێت، حەزم بە تێکەڵبوونیانە، بەڵکوو ئەو ژنەکەمە کە خۆشـیدەوێن و حەزی پێیانە و ئارەزوویان دەکات، نەک هەرئەوەیش بەڵکوو گومان دەکات و پێی وایە کە ژنەکەی پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەو پیاوانەدا هەیە کە ئەم خۆی پەیوەنـدی پێیـانەوە هەیە و خۆشـی دەوێن و لەگەڵیـانـدا هەڵسـوکەوت دەکات.([10]....

دیارە فرۆید باسـەکەی لە سـەر ئیرەیی لای پیاوی ئەلکهولیست کردووە، وەلێ ئـامـاژەی بە کـاریگەرییەکـانی ئەم ئیرەیییە نەکردووە کە چۆن لە فۆڕمی توندوتیژی لە ناو خێزاند بەرامبەر بە ژن و منداڵەکانیدا خۆی بەرجەسـتە دەکات. کەم نین چیرۆکی ئەو ژنانەی کە بە تاریکی و لە نیوەی شەو بە شەقی پیاوە سـەرخۆشـەکانیان دەکرێنە دەرەوە و دەبنە قوربانیی تاوانێک کە نەیانکردووە. لە بەشـێکی تری ئەم نووسـینەدا سـەبارەت بە ئالودەبوون پەیوەندی بە توندوتیژی خێزانییەوە دێمەوە سـەر ئەم باسـە. وەلێ لێرەدا بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەو پەرەگرافەی سەرەوە بگەین، پێویستە بگەڕێینەوە سەر ئەو سیاقەی کە خودی نووسینەکەی تیادا نووسراوە.

وەک پێشـتر باسـمان کرد فرۆید لە سـەروبەندی نووسـینەکانی سـەبارەت بە پارانۆیا ئاماژەی بە ئالودەبوون کردووە، بە تایبەتیش ئالودەبوون بە ئەلکهول. ئەو پێی وایە کە سـەرچاوەی سـەرەکیی پارانۆیا دەگەڕێتەوە بۆ حەز و فانتازیای (هۆمۆسـێکوێلی) پیاوێک بۆ خۆشـەویسـتیی پیاوێکی تر. خودی هاوکێشەکەیش لای فرۆید بەم جۆرەیە:

---

[10] Frued,1911,p.64.

من (که پیاوم) ئەوم خۆشدەوێت (که پیاوە)! ئەم فانتازیایە لە نەستدا بە سێ جۆری جیاواز و دژبەیەک خۆی بەیان دەکا: جۆری سێیەمیان کە دەتوانین بەم جۆرە ئاماژەی پێ بکەین: ئەوە ژنەکەمە ئەو پیاوەی خۆشدەوێت کە من خۆشم دەوێت- کە ئەمەیش پێچەوانەی دەستەواژەی یەکەمە و هەر ئەمەیشە وەهمی ئیرەیی دروست دەکات و گرێی دەروونی پیاوی ئەلکهولی ئاڵۆزتر دەکات و لە شوێنێکدا ڕووبەڕوی دەبێتەوە بە گژیدا دەچێتەوە کە خودی خۆی لەوێ نییە. بەم شێوەیەیش وەهمی ئیرەیی کەسی ئەلکهولیست یەکێکە لەوانەی سەرەوە. واتە ئەو پیاوەی لە نەستیدا ئاغا و باڵایە، پیاوێکی تری خۆشدەوێت و حەزی بە گەعدە و دانیشتنە لە گەڵ پیاوێکی تر و ئارەزووی دەکات، ئەمی ئەلکهولیست نییە، ئەو پیاوە هەمیشە لە بەرگێکی تردا خۆی نیشان دەدات و خۆی دەیخزێنێتە ناوی یەکێکی تر- حەزو هەوەسی خۆی لە ناو ژنەکەیدا دەبینێتەوە و هەر لە ناو ئەویشدا پەلاماری دەدات.

وەک نکولیکردن لەم فانتازیایەی نەستی خۆی بە بوونی پەیوەندییەکی لیبیدۆیی لەگەڵ پیاوانی تردا، ئەوا کەسی ئەلکهولیست پێویستی بەمیکانیزمێکی بەرگرییە تا خۆی لە گوناهی ئەم حەز و ئارەزووە سێکسییەی خۆی ڕزگار بکات. ئەویش بە بیرکردنەوە لەوەی کە ئەوە ژنەکەیەتی نەک خۆی کە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو پیاوەدا یان پیاوانی تردا هەیە، ئەوە ژنەکەیەتی کە مایەی شەرم و بێ ئابڕووییە، هەر ئەویشە کە شایەنی لۆمە و سەرزەنشتکردنە. مەسەلەی چوونی پیاو بۆ مەیخانە و نۆشینی مەی لە مەیخانەکان ئەگەر لە لایەکەوە پەیوەندی بەوەوە بێت کە پیاو لە ماڵەکەی و ژنکەی خۆی بێزارە، هەر بۆیە کوچەی مەیخانەکانەکان دەگرێت ئەوا لە لایەکی ترەوە پەیوەندی بە ترسی پیاوەوەیە لە ژن، ترسی لەدەستچوونی ئۆبێکتی خۆشەویستییەکەی. با بیرمان نەچێت تا هەستی ئیرەیی لای کەسی ئەلکهولیست زیاتر و زیاتر بێت ئەوا پەیوەندی لەگەڵ ئۆبێکتی خۆشەویستییەکەی تۆکمەتر و باڵاتر دەبێت، بە جۆرێک کە ئیتر ناتوانیت لە یەکتریان جیا بکەیتەوە. ڕەنگە هەر ئەم هۆکارەیش بێت کە ئالودەبوون بە ئەلکهول بە زەبرترین و قورسترین جۆری ئالودەبوون دابنرێت لە ڕووی چارەسەری کلینیکییەوە، زۆر جار گوێمان لەوە دەبێت کە ڕزگاربوون لە ئالودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان ئاسانترە وەک لە ئالودەبوون بە ئەلکهول.

با بزانین فرۆید بە چ شـیوەیەک باس لە پەیوەندیی نێوان ئۆبێکتی لەدەسـتچوو لە گەڵ بەکارهێنانی مـادده تۆکســـیکەکان-ژەهراوییەکان لەوانەیش ئەلکهول دەکات؟

لە وتارێکیدا لە سـالیّ (١٩١٧)دا، بە ناوی (تازیباری و مێلانخۆلیا) دا، ئەو باس لەوە دەکات کە ئەوە بە تەنها ئەلکهول نییە کە بەربەستەکان لە بەردەم کەسی ئەلکهولیســـتدا ناهێڵێت و بە هۆیەوە خۆی لیّ دەبێتە ئایدیالی خۆی، بەڵکوو زمـانیش یـارمەتی گۆڕێنی ( (Sublimationبـاڵایەتی دەدات. لێرەدا فرۆیـد ســـەرنجمان بۆ پەیوەندیی نێوان کحول (مادده هۆشـــبەرەکان) لە گەڵ زماندا ڕادەکێشـــێت. گەر ئەو تێزە بە هەند وەربگرین کە پێی وایە باڵایەتی گۆڕانی ئەنگێزەکانە بۆ بەرهەمی کولتووری لە ڕێیّ زمانەوە ئەوا ئاماژەکردنی فرۆید بۆ چەمکی باڵایەتی لەم ســـیاقەدا ئەوەمان پیّ دەڵێت کە بەکارهێنانی مەی و ئەلکهول (مادده هۆشـــبەرەکان) دەتوانێت وەک ڕازیبوون و تێربوونێکی کاتی ئەنگێزەکان کار بکەن و کە کاریگەرییەکەی لە هی زمان و کەمتر نییە.

هەر لە سـەروبەندی ئەم سـاڵانەدایە کە فرۆید تێزەکانی سـەبارەت بە فانتازیا، سێکسـوالیتی مناڵانە، کاریگەری و بونیادی گرێی ئۆدیپوس لە سـەر دەروون و لە هەموویشی گرنگتر تێزەکەی سەبارەت بە  تراوما ڕاست کردەوە و جەختی لە سـەر ئەوە کردەوە کە ئەشکەنجە و ئازاری مرۆڤ و تراوماکانی پەیوەندیی بە جەزرەبە و و زەبرە دەرەکییەکانەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندی بەو پرۆســـە و کـارلێکـانەوە هەیە کە لەنـاو دەروونی مرۆڤ خۆیـدا ڕوو دەدەن. کەســـە نیرۆتیکییەکـان قوربـانیی دەســـتی هۆکـاری دەرەکی نین بەڵکوو ئەو زام و برینەی لە خۆیـانیـان دەردەکات و گیرۆدە و هیلاکیـان دەکات لە نـاو هەنـاوی خۆیانەوە هەڵدەقوڵێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم سەرەتایە لە هزری فرۆیدا دەتوانین ئاماژە بە نامەیەکی تری بۆ فلایشـــی هـاوڕیّ بکەین کە لە کـانونی دووەمی ســـالّی (١٨٩٩)دا نووسیویەتی: (سـەرەتا بەشێکی شیکارەکانم جەختکردنەوە بوو لەسـەر ئەوەی کە فـانتـازییەکـان بەرهەمی قۆنـاغێکی ترە کە دواتر دەخرێتەوە نـاو  قۆنـاغی منـاڵییەوە و هەر لەویشـــدا ئـامـادەگیـان هەیە، خودی ئەو دۆخەیەیش کە فانتازییەکەی تێدا خولّقاوە هەر دەخزێتەوە ناو قۆناغی مناڵییەوە، ئەمەیش لە ڕێی و بە پەیوەندی لەگەڵ زماندا دەکرێت. وەلیّ بۆ وەڵامی ئەو پرسـیارەی کە ئایا لە قۆناغی مناڵیدا چی ڕووی داوە؟ ئاوا دەڵێین کە هیچ ڕووی نەداوە! وەلیّ میکرۆبی ئەنگێزە سێکسییەکان لەوێیەوە دروست دەبن و لەدایک دەبن. دواتر

و له بەشـــی دووەمی لێکۆڵینەوەکانم لە مانای بەشـــێکی گرنگی تری دەروون تێگەیشـــتم کە بە ڕای من گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشـــتن لە قۆناغە ســـەرەتاییەکانی ســیمپتومەکان کە تەنانەت دەکەونە پێش بوون و درکردن بە فانتازیاوە...).

ئەم نامەیەی ســـەرەوە درێژکراوەی هەمان نامەیە، کە لە 21 september)) ســـاڵی (1897)دا بۆ فلایشـــی هاوڕێی دەنوســـێت و لێرەدا فرۆید ئاماژە گرنگەکەی دەکات و دەڵێت: (لە نەســـتی مرۆڤدا هیچ ئاماژەیەک بە بوونی حەقیقەت نییە. هەر بۆیەیش کارێکی ئاســـان نییە بتوانین لە ناو نەســـت و نائاگاییدا خەیاڵ لە واقیع جیا بکەینەوە...).

لە هەمان وتاری مێلانخۆلیا و تازێبارییدا، فرۆید باس لە پەیوەندیی نێوان مێلانخۆلیا لەگەڵ مەســـتبوون بە ئەلکهول دەکات و پێی وایە هەردوو دۆخەکە ناتەندروســت و پاتەلۆژین وەلێ لە حاڵەتی مێلانخۆلیادا خودی لە دەســتدانەکە وا دەکات کە ســوبێکت خەمۆک، بێدەرەتان و بێوزە بێت و هەست بە بەتاڵی و پووچی بکات. لە کاتێکدا لە کاتی مەســتبوون بە ئەلکهول ســوبێکت هەســت بە شـــادی و وزەیەکی کاتی دەکات، وزەیەکی زیادە کە وای لێ دەکات نەســرەوێت(Manic)، لە هەموو شــوێنێکدا بێت و لە هیچ شــوێنێکیشــدا خۆی نەگرێت. ڕەنگە لێرەدا پرســـیار بکەین و بڵێین مێلانخۆلیا چ پەیوەدنییەکی بە ئالودەبوون و نۆشینی شەرابەوە، یان هەر ماددەیەکی تری هۆشبەرەوە هەیە؟ یان پرسیار بکەین و بڵێن کە بۆچی ژەهراوییبوون-تۆکیسکبوون بە ئەلکهول بە نەخۆشــی دادەنرێت، لە کاتێکدا ئەلکهول دەبێت بە مایەی خۆشــی و شــادی بۆ کەسەکە، وزەیەکی زیادەی پێدەبەخشیت. ئایا خودی لە دەستچوونەکە لە کوێدا خۆی مەڵاس داوە؟

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرســـیارەیش بدەینەوە دەڵێین خودی ئالودەبوون خۆی کێشــە و گرفت نییە بەڵکوو کاردانەوەیە، ســیپتومە بۆ کێشــەیەکی قووڵتر کە ســوبێکت بە دەســتیەوە دەناڵێنێت. ئالودەبوون میکانیزمی بەرگرییە بۆ ئازار و ناســۆرییەکی قووڵ بۆ لەدەســتدانێک کە زۆر جار ســوبێکت خۆیشــی نازانێت پەنجە بخاتە ســەر ســەرچاوەی ئازار و نوقسـانییەکەی. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە بێت ئەلکهول ماددە هۆشــبەرەکان دەبنەوە بە شــتگەلێک کە ســوبێکت بەکاریان دەهێنن تا گەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت خۆشــی و شــادی پێبەخشــێت، خۆی پێ ســـڕ بکات. ئازارەکانی کەم بکاتەوە، کە زۆر جار خۆیشـــیان نازانن ســەرچاوەی ئەو ئازارانە چین لە کوێوە هاتون. لە دۆخی ئالودەبوونیشدا هەر

وەک مێلانخۆلیا کێشـــەکە هەر بە تەنها ئەوە نییە کە چ شــتێک لەدەســـتچووە چونکە ئەو شـتەی کە لە دەسـتچووە بە ڕوونی دیار نییە کە چییە، شـتێکە بێ ناو و بێ شوناسە. تەنانەت لەو کاتەنەیشدا کە کەسی مێلانخۆلی-ئالودە، درک بەوە دەکات یان ئەگەر بشــزانێت کێی لەدەســتچووە! ئەوە نازانێت چی لە ناو ئەو کەسەدا لەدەستچووە، وەیان بۆ چ شتێک لەناو ئەودا دەگەڕێت وعەودالّ و سەرگەردانی چییە.

هەر بۆیەش تێمای ئۆبێکتی لە دەســتچوو بابەتێکی گرنگ و زیندووە لە هزری دەروونشـــیکاری فرۆیدیدا. لە ســـالّی (١٩١٧)دا، لە وتارەکەیدا بە ناوی (پاشکۆی مێتاسایکۆلۆژی سەبارەت بە تیۆریی خەون) فرۆید باس لە ئۆبێکتی لەدەســـتچوو دەکات. ئەو پێی وایە کە خەونەکانمان بریتین لە جۆرێک لە وڕێنەکردن بۆ گەشتن بە حەز و ئارەزووەکانمان. لێرەیشدا بەراوردێک لەنێوان خەونبینین و خودی ئەو دۆخە نەخۆشیە-پاتۆلۆژیەدا کە تایبەتە بە خەونبینین دەکات. لە هەندێ دۆخی دەروونیدا ئیگۆ دەبێت ڕووبەڕووی نوقســـانییەکەی خۆی بێتەوە، ئەو نوقسانییەی کە ناتوانێت بەرگەی بگریت و قبولّی بکات وەلێ هەمیشـــە دوایـدەخـات و نـایەگەیێنێتە خۆی و درزێـک لەنێوان خۆی و نوقسانیەکەیدا دەهێڵێتەوە. خودی ئەم دواخستنە درز و دەلاقەیەک بۆ سوبێکت دەهێڵێتەوە تا بتوانێت لە ڕێی فانتازیا و حەز و ئارەزووەکانی ناوەی خۆیەوە نوقســـانیەکە بکـاتە دەرەوەی خۆی، وە لە بـاشـــترین شـــێوەدا لە ڕێی وڕێنەکردنەوە دەبێت. فرۆید دەنووسێت:

(ڕەنگە بویرم و پێشـــنیاری ئەوە بکەم کە پەیوەندیی نێوان وڕینەی ژەهراوی-تۆکســیک، لیرەدا مەبەســتم لە وڕینەی ئەلکهولە وەک نموونە، دەبێت هەر بەم شیوەیە لیی تیبگەین، لێرەیشـدا ئەو نوقسـانییەی کە سـوبێکت ناتوانێت بەرگەی بگرێت و قبولّی بکات و شتێکە واقیع بە سـەریدا سـەپاندوە وەک لەدەستدان و نەبوونی ئەلکهولە هەر کات ئەوەی دەستکەوت ئەوا نوقسانییەکەی تر-ئۆبێکتی لەدەســتچوو کە مەبەســتی خودی ئەلکهولە- خۆی پڕ دەکاتەوە ئەوکاتەیش لە وڕێنەکردن دەوەســتێت... با بلّێین دیمەنەکە بەم شـێوەیە: کەسـێک لە دۆخی ژەهراوی- تۆکســـیکبوندا بە جۆرێک هەڵەشـــە و نەســـرەوتە لە ڕەفتار و جووڵاوەنەیـدا چونکە دڵخۆش و خۆشـــنودەیە. وەلێ دەبێت ئەم پەیوەنـدییە ســـاختەیە ڕاســـت بکرێتەوە، چونکە حەقیقەتەکە ئەوەیە کە نەزمی ئابووری میشکی سـوبێکت لە لایەکەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئارەزووەکەی پڕ بۆتەوە، ئەوەیش وای لێ دەکات هێندە دڵخۆش و ڕۆح ئاسودە بێت، لە لایەکی تریشەوە خەمبارە چونکە هیچی لە باردا نییە و دەستەوسانە بەرامبەر نوقسانییەکەی).

مەبەستی فرۆید لێرەدا ئەو دۆخە دەروونییە نەسرەوت و مانیکیەیە کە کەسی ئەلکهولیست ئەزموونی دەکات. ئەو هەستە دژبەیەک و پارادۆسکەی کە بەهۆی کاریگەریی ئەلکهولەوە دروستدەبێت. هەستی خۆشی و ناخۆشی، پێکەنین و گریان، قۆشمە و نوکتە یاخود هەوڵی کەسی ئەلکهولیست بۆ قسەکردنی جدی لە سەر بابەتەکان کە ئەمەیش لە حاڵەتی سەرخۆشیدا، زۆر جار هەر بە دیمەنی کۆمیدی تەواو دەبێت، چونکە خودی هەوڵەکە سروشتێکی کۆمیدی لە خۆی دەگرێت بەو مانایەی کە کەسەکە دەیەوێت نمایشی شتێک بکات کە خۆی نیەتی و نوقسانییە تیایدا. لە بەشێکی تری ئەم نووسینەدا دێمەوە سەر باسی کۆمیدیا- نوکتە و پەیوەندی بە ئالودەبوونەوە.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە فرۆید خودی وڕێنەکردنە نابەستێتەوە بە پێکهاتەی کیماویی ئەلکهولەوە وەک ماددەیەکی ژەهراوی - تۆکسیک بەڵکو دەیبەستێتەوە بە لە دەستدانی ئۆبێکتی خۆشەویستییەوە لە واقیعدا کە خودی ئەلکهولە. واتە وڕێنەکردن قەرەبوویەکی دەروونییە بۆ لەدەستدان کە بە هۆی نەبوون و نوقسانییەوە دروست دەبێت. بە ڕای فرۆید ژەهراوییبوون بە ماددە کحولییەکان کە سەر بە هەمان دۆخ و حاڵەتی دەروونییە و هاوشێوەی وڕینەکردنە، هەر بۆیەش پێویستە بە هەمان شێوە ڕاڤە بکرێت، ئەویش کە لەم دۆخەیشدا جۆرێک لە دواخستن و دوورخستنەوەی تێدایە. کەواتە با بزانین ئەو پەیوەندییەی لەنێوان سوبێکت و ئەلکهولدا هەیە هاوکات دەبێتە هۆی دروستبوونی وڕینەکردن چۆن دروست دەبێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەیش پێویستە بگەڕینەوە سەر ئەو دۆستایەتییەی کە هەر لە سەرەتاوە لە سەر نوقسانی دروست بووە و پەیوەندییەکی دانەبڕاویشی لەگەڵ سوبێکت و ئۆبێکتە لەدەستچووەکەی هەیە. ئەوا بە کورتی دەگەڕینەوە سەر خوێندنەوەی فرۆید سەبارەت بە وڕێنەکردن لە هەردوو مناڵ و گەورەدا کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لەدەستچوون. بەم مانایەش وڕینەکردن قەرەبوویەکی دەروونییە بۆ لەدەستچوونێکی ڕاستەقینە هاوکات ئاماژەیە بۆ ئارەزووکردنی ئەو شتەی کە لەدەستچووە. مناڵی بچووک وڕینە بە مەمکی دایکییانەوە دەکەن چونکە بە تەنها مەمکی دایکە کە دەتوانێت ڕازی و تێریان بکات. وڕینەکردنیش بۆ مناڵ تاکە ڕێگەیەکە کە بەهۆیەوە گوزارشت لە ئۆبێکتی لەدەستچوو بکەن، کە خۆی جەستەی دایکە، ئەو جەستەیەی کە لێیان تابو کراوە و ناتوانن جارێکی تر پێیبگەنەوە. ئەم نوقسانییە یان ئەم ئۆبێکتە لەدەستچووە لە هزری لاکانیدا بە ئۆبێکتە بچکۆلە ناسراوە، لە بەشی دووەمی ئەم نووسینەدا بە ناوی (ئالودەبوون لە دیدی لاکانەوە) دێمەوە سەر ئەم باسە.

کەواتە با بگەڕینەوە ســــەر چێژ لای کەســــی ئەلکهولیســــت. فرۆید لە کتێبی (شارستانیەت و ئاکاماکانی)دا باس لە بێتوانایی و بێهودەیی مرۆڤ لە گەشتن بە خۆشنودەیی دەکات. کاتێک کە مرۆڤ هیچ ڕێگەیەک نادۆزێتەوە بۆ گەشتن بە چێژ و خۆشنودەیی ئەوا دواجار پەنا دەباتە بەر جۆرێکی تر لە چێژ کە بە

(چیژی درێژخایەن بە ژەهرەوایبوون)ی ناو دەنێت. هەڵبەت فرۆید لەم کتێبەدا باس لە ڕۆڵی شــارســتەنیەت دەکات و پێی وایە کە خودی شــارســتانیەتیش ڕێگەیەکە بۆ ڕێکخســـتنی پەیوەنـدیی نێوان مرۆڤەکـان، بە مـانـایەی کە شـــارســـتەنیەت ئەو چێژ وحەزانەمان بۆ ڕێک و جۆر دەکات کە دەتوانین دەســـتمانکەوێت هـاوکـاتیش ئەوانەیش کە بۆمـان نییە و نـاتوانین چنگمـان بکەوێت. ئەوەی کە جێی ســــەرنجە بۆ فرۆید کە تەنانەت زانســـت و ئاینیش ناتوانن لە باریاندا نییە کە مرۆڤ تەواو دڵخۆش و شـــادومان بکەن، نەک ئەوەیش بەڵکوو دەگاتە ئەو ڕاســتییە بەڵگەنەویســتەی کە مرۆڤ هەمیشـــە عەودالی خۆشبەختییە وەلێ دەستیانکەوێت. ئازار و ئەشکەنجە قەدەری مرۆڤە، مرۆڤ ئازار بە دەست پیربوون و ئەفەرۆزبوون لە جەستەی خۆی دەکێشیت، ئازار لە دەستی سروشت و جیهانە ترسناکەکەی دەرەوەی خۆی دەکێشێت، ئازار بە دەست تەنیایی و ئەشکەنجەی ترس لە تەنیایی دەکێشێت. تەنانەت ئەو کاتەنەیش کە مرۆڤ لە خودا نزیک دەبێتەوە یان خۆی دەخاتە شوێن و پێگەی خودا کەچی هێشتا هەر دەناڵێنێ و ئازار دەکێشێت. مرۆڤ هەمیشە گیرۆدەی دەســـتی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییە کە تیادا دروســـت دەبێت و دەبێتەوە بە بەشێک لێی و ناتوانێت خۆی لێی رزگاربکات. هەموو بەربەست و ڕێگرییەکان لە بەردەم خۆشـــنودەیی مرۆڤدا دەبێتە هۆی ئەوە کە نەگاتە ئامانجی خۆی و دەســـتی بە چێژدا نەگات. گەر مرۆڤ نەتوانێت بەر لە ئازار، ناســـۆری و تاڵییەکانی ژیان بگرێت، ئازار و ئەشکەنجە بەشێکی دانەبڕاو و ئەزەلی بێت لە ژیانی مرۆڤدا، ئەی کەواتە چی بکات تا خودی ئازارکێشـــان کەم بکاتەوە یان هیچ نەبێت تامەکەی و ڕیتمەکەی بگۆڕێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرســـیارەیش فرۆید چەند پێشـــنیار و ئەگەرێکمان دەخاتە بەردەســت تا لە ڕێیانەوە بتوانین ئازاو ئەشــکەنجەمان کەم بکەینەوە، یەکێک لەو پشنیار و ئەگەرانەیش بۆ ڕیکخستنەوە و گۆڕینی ئازارکێشان بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و ئەلکهولیەکانە. لەمبارەیەشەوە دەڵێت:

(سەمەرەترین مییکانیزمیش بۆ خۆدزینەوە لە ژان و ئازارکێشان هەر ئەوانەن کە بە دوایدا دەگەڕێین و کاردەکەنە ســەر خودی ســیســتمە ئۆرگانییەکەمان.

بەو مانایەی کە خودی ئازارکێشـــان خۆی هیچ نییە جگە لە هەســـتکردن، واتە ئەو کـاتە ئـازار هەیە کە ئێمە هەســـتی پێدەکەین وەک ئەشـــکەنجە و ژان ئەزموونی دەکەین، خودی ئەم هەستکردنەیش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئێمە وەک ئۆرگانیزم چۆن دروســـتبووین و ڕێکخراوین، هەر بۆیە ش ســـاناترین و هـاوکـات کـاریگەرترین جۆری ئەو میتۆدانە کـاریگەریی مـاددە کحولی و هۆشبەرەکانە[11]).

بە ڕای فرۆید ژان و ئازارکێشان لە سێ لاوە دەبێتەوە بە هەڕەشە و کاردەکاتە سەر مرۆڤ و گیرۆدەی دەکات:

١- ئازارو ئەشکەنجە هەڕەشەیە بۆ سەر جەستەی مرۆڤ.

٢- هەڕەشەیە بۆ سەر پەیوەندیی مرۆڤ بە جیهانی دەرەوە.

٣- هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ پەیوەندیی مرڤ بە ئەوانی ترەوە.

جۆری ســـێهەمیشـــیان لە هەموویان کاریگەرترە چونکە ئەوانی تر بۆ ئێمە لە یەک کـاتـدا هەم دەبنەوە بە ســـەرچـاوەی ئـازار و نـاســـۆری وە هەمیش سەرچاوەی خەمڕەوێنی و ڕەواندنەوەی ژان و ئازارن. هەر بۆیە کاتێک ئەوانی تر و بوونی ئەوانی تر دەبێتەوە بە هەڕەشە و سەرچاوەی ژان و ناسۆری بۆ ســوبێکت ئەوا دوورکەوتنەوە خۆدزینەوە لێییان دەبێتەوە بە چارەســەرێک بۆ خودی کێشـە و ئازراکێشـانەکە. وەلێ تەنیایی و ئەفەرۆزبوون بژاردەیەک نییە کە مرۆڤ خۆشبەخت بکات، هەر بۆیەش دیسانەوە بۆ ئەوەی بەرگەی تەنیایی بگرێت، بتوانێت هاودەمێک بۆ خۆی دروســـت بکات، دەبێت شـــتێک-ئۆبێکتێک بدۆزێتەوە کە جێی ئەوانی تری بۆ بگرێتەوە، ئەو بۆشـــایی و درزەی بۆ پڕ بکاتەوە کە غیابی ئەوانی تر بۆی دروســـت کردووە. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە ئەلکهول و ماددەهۆشـــبەرەکان دەتوانن شـــوێنی ئەوانی تر بگرنەوە نەک هەر ئەوەیش بەڵکوو دەتوانن ببنە داڵدە و پەناگایەک بۆ ســوبێکت و چێژ و شــادی پێ ببەخشـــن، لەوەیش زیاتر خودی ئەم ماددانە جا ئەلکهول بێت یان ماددە هۆشـــبەرەکان وا دەکات کە نایەڵن مرۆڤ بەر ئازار و ژانی زیاتر بکەوێت و ئەشکەنجەی زیاتر بچێژێت. فرۆید لەمبارەیەوش دەڵێت: (خزمەتی ئەم ماددانە ژەهراوییانە خۆی دەبێتەوە بە ململانییەک لەنێوان گەیشـتن بە خۆشـنودەیی لە لایەک و بە دوورەپەرستی و خۆ دوورخستنەوە لە بەدبەختی و بێهودەیی لە

[11] Freud, 1930, p. 78.

لایەکی ترەوە، هەرئەمەیشــــە وا دەکات کە مرۆڤ ئەم ماددانە و بەکارهێنانیان هێنــدە بەرز بنرخێنیــت بە جۆرێــک کە شـــوێن و پێگەی لیبیــدۆی بۆ دەگرێتەوە...[12])

لێرەیشـــــەوە بە دواوە فرۆید ئالودەبوون وەک ســــیمپتومێکی کۆمەڵایەتیی دەبینێت و ئاماژەی بۆ دەکات، لەمبارەیەشــەوە دەڵێت: (ئێمە زۆر قەرزاری ئەو نێوەندەیەن نەک هەر لەبەر ئەوەی کە ڕاســتەوخۆ لە خزمەتی چێژدایە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بڕێکی زۆر لە بەرخۆری مرۆڤ بەرامبەر بە دەرەوەی خۆی لەخۆی دەگرێت. کاتێک کە ئەم ڕاســـتییە دەزانین، بە یارمەتیی ئەمەیش ئەوا لەوە تێدەگەین کە ئەوانەی لە ژێر باری قورســـــی ژیاندا خنکاون هەر کات بیانەوێت خۆیان بدزنەوە لە بارگرانی واقیع و پەناگایەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە کە بەتەنها بۆ خۆیانە بە مەرجی باشـــتر ڕازیکردن و تێرکردنی خۆیان پەنا دەبنە بەر ئەم ماددانە. هەر وەک ئاشـــکرایە و دەزانین، هەر ئەمەیشـــــە کە تایبەتمەندییەی مادده ژەهراوییەکان و هاوکات زەرەر و زیانەکانیشیان دیاری دەکات).

بەم مانایەش ئالودەبوون بۆ خۆی وەک ســــیمپتومێکی کۆمەڵایەتییە هاوکات جۆرێکی تایبەت لە پەیوەندی و بونیادێکی کۆمەڵایەتیی جیاوازیش بە خۆی دروست دەکات. کەواتە کەسی ئالودەیش پەیوەندییەکی تایبەت بە خۆی لەگەڵ ئەوانی تردا دروســت دەکات کە جیاوازە لەوانی تر. دیارە کە هەر ســێ جۆرە ســــەرەکییەکەی ســــوبێکت بە مانا دەروونشـــیکارییە کە ئەوانیش ( نییرۆس، پێرڤیش وە سـایکۆس)ن، وەک بونیاد لە ڕووی دەروونشـیکاریی کلینکییەوە لە ڕێی پەیوەندییـان لەگەڵ ئەوانی تر خۆیـان دیـاری دەکەن و دەنـاســـــرێنەوە. وەکچۆنیش پێگەی هەرسـێکیان لە ناو زماندا بە سـێ شـیوەی جیاوازە لە ڕێی جیاوازە دەبەستریێنەوە بە تراوما یان نوقسانییە ئەزەلییەکەوە.

گەر بە کورتی باســـی ئەو پەیوەندییە بکەین ئەوا بەم شـــێوەیە: ســـوبێکتی نیرۆتیکی یان عوسـابی لە ڕیی پرسـیارکردنی ئەوی ترەوە پەیوەندیی خۆی لە گەڵیدا دیاری دەکات. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ســـوبێکت کە بە نائاگایییەوە

[12] Freud, 1930,p. 78.

خەســـاندنە ڕەمزییەکە و هاوکات دەرئەنجاماکانی ئەو خەســـاندنەیشـــی قبوڵ کردووە، بەرپرسـیاریێتیی نوقسـانیەکەیشـی خسـتۆتە سـەرشـانی خۆی. ڕوونتر بڵێین سـوبێکتی نیرۆتیکی یان عوسـابی دەسـتبەرداری ژویسـانسـە ڕاسـتەقینە بەر لە ئۆدیپوســـەکەی خۆی دەبێت و بە چێژێکی ئاســـایی ڕازی دەبێت وەلێ ئەم ڕازیبوونە هاوپێچە بە هەستکردن بە گوناە و دڵەڕاوکێیەکی مەحتومەوە.

لە کـاتێکـدا پەیوەنـدیی کەســـی پێرڤیش یـان لادەر، بە ئەوی ترەوە لە ڕێی ئۆبێکتەوەیە، یان ڕوونتر بڵێین ئۆبێکتێک دەکات بە بەرگی ئەوی تردا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ســـوبێکت لە هەندی کاتدا دان بە نوقســـانییەکە دەنێت و قبوڵی دەکات وەلێ لە هەندێ کاتی تریشدا نکوڵی لێ دەکات. سوبێکتی پێرڤیش باوەڕی وایە کە دایکی نوقسـانی نییە، دواجار خاوەنی فالوسـێکە، هەر بۆیەش نکوڵی لە خەســـاندنە ڕەمزییەکە دەکات. ئەو ئۆبێکتە فیتشـــییە قەرەبوو و جێگرەوەی زەکەری دایکە، کە کوڕی بچوک ڕۆژێک لە ڕۆژان پێی وابووە کە دایکی هەڵگر و خاوەنیەتی، کوڕ نەک ناتوانێت دەســـتبەرداری ئەم هەســـت و باوەڕی خۆی بێت بە بوونی زەکەری دایک بەڵکوو دەبێت بە بەشـــێک لە نەسـتیشـی. ئەفسـون تەنگەژەی فیتشـی ئەوەیە کە تەواوی گرێی خەسـاندن لە فۆرمێ یادەوەریدا وێنا دەکات بە جۆرێک کە ڕێی بە ژن/دایک دەدات کە هەم وەک بوونەوەرێکی کـامڵ(خـاوەن فـالوس)، وە هەم وەک خەســـێنراوێک بێ فالوســـیش ببینرێت. بە مانایەکی تر، کەســـی فیتشـــی لە یەک کاتدا نەبوون و بوونی زەکەری دایک سـیمبۆلیزە دەکات، کە ئەمەیش بۆ خۆی ئاماژەیە بۆ ئەو ترس و چێژە شـــاراوەیە کە لە نەســـتیدا خۆی مالاســـداوە. بەم مانایەش ژیوســـانســـە ڕاســـتەقینە بەر لە ئۆدیپۆســـەکە وەلانراوە و ئۆبێکتێکی جێی ئەم ژویســـانســـەی گرتۆتەوە، هەســـتکردن بە گوناە و دڵەڕاوکێ لەم بونیادەیە شاراوەیە زۆر ئاشکرا نییە. لەمبارەیەوە فرۆید دەڵێت:

کـاتێـک ئـامـاژە بەوە دەکەم کە فیتشـــیزم قەرەبوو، جێگرەوەی زەکەرێکە، باشـــدەزانم کە نائومێدتان دەکەم هەربۆیەش هەر زوو ئەوە دەڵێم کە ئەوە لە بری زەکەرێکی ئاســـایی نییە. بەڵکوو لە بری زەکەرێکە کە تەواو جیاواز و تـایبەتە زەکەرێک کە زۆر گرنگ بووە لە منداڵیدا بەلام دواتر لەدەســـتچووە. ڕوونتر بڵێین، زەکەرێکە کە خۆی نەماوە و بەسـەرچووە بەڵام کەسـی فیتشـی لە نەبوونەوە دەیهێنێتەوە و دەیپارێزێت).

بەڵام لە سـوبێکتی سـایکۆسـدا پرسـیارەکە زیاتر بوون و نەبوونی ئەوی ترە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە شـــتێک نییە بە ناوی پەیوەندیی ســـوبێکت بە ئەوی ترەوە، چونکە لە دۆخی سـایکۆسـدا زمان خۆی تابووە، وەکچۆنیش خەسـاندنە

ڕەمزییەکە و خودی نوقسانییەکەش قبوڵنەکراوە. وەلێ ژویسانسی بەر لە ئۆدیپوس وەلا نەدراوە و دوور نەخراوتەوە، بەمەیش سوبێکت یان بە گەرموگوڕییەوە باوەشی بۆ دەکاتەوە یاخود خۆی لێ حەشار دەدات و خۆی لێ دەپارێزێت، ئەمەیش لە ڕێی وڕینەکردن و وەهمەوە دەبێت. هەر بۆیەش بە پێچەوانەی دوو بونیادەکەی تر لێرەدا هەستکردن بە گوناە و دڵەڕاوکێ یان بوونی هەیە وەیان هەر نییە.

باسکردنی پەیوەندیی سوبیکت بە ئەوانی ترەوە لەو سێ جۆرەی پێشوودا گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین لە پەیوەندیی کەسی ئالودە بە دەرەوەی خۆی بگەین، چونکە کەسی ئالودە بۆ خۆی سەربەخۆیە، بەو مانایەی گەر پەیوەندیی سوبێکت لەگەڵ ئەوانی تردا شتێک بێت کە خودی سوبێکت پێناسە دەکات، وەک لە سێ بونیادەکەی تردا ڕوونمان کردەوە، ئەوا ئەم پەیوەندییە بۆ کەسی ئالودە لەگەڵ ئەوانی تردا تەواو شتێکی جیاوازە و لە شوێنێکی تردایە. لە دۆخی ئالودەبووندا هەردوو نوقسانییەکە و خەساندنە ڕەمزییەکەیش بە جۆرێک لە جۆرەکان قبوڵکراوە، وەلێ ئەم قبوڵکردنە بە خۆشحاڵییەوە نییە بەڵکوو سوبێکت لە ڕێی چەپاندن، نکوڵیکردن یاخود ڕەتکردنەوە دەتوانێت ئەم نوقسانی و خەساندنە قبوڵ بکات. هەر بۆیەش لای کەسی ئالودە هەستکردن بە گوناە و دڵەڕواکی هەندێ جار شاراوەیە وەلێ خودی ئەم شاردنەوەیەیش پارادۆکسە چونکە هەمیشە ئەوەی کە شاردراوتەوە خۆی نمایش دەکات و لە بەرگێکی تردا دەردەکەوێتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی کەسی ئالودە بە ئۆبێکتی خۆشەویستییەکەیەوە، پێویستە بگەڕێنەوە سەر دیدی فرۆید سەبارەت بە ئۆبێکتی سێکسی. فرۆید لە ساڵی (١٩١٢)دا لە نووسینێکدا بە ناوی ( On the universal tendency to debasement in the sphere of love) باس لەوە دەکات کە بۆچی پەیوەندیی ئۆبێکتی سێکسی هێندە سروشتێکی گرفتئامێز و ئاڵۆزی هەیە. ئەو باوەڕی وایە کە شتێک لە خودی ئەنگێزەکاندا هەیە کە شایانی ڕازیکردن و تێرکردن نییە. لەمبارەیشەوە باس لە دوو هۆکار دەکات: یەکەم: سروشتە هەڵخڵەتێنەر و فریودەرەکەی ئۆبێکتی سێکسی -بژاردەیە لەگەڵ بەربەستەکانی بەردەمی کاتێک لە بەرامبەر ئارەزووی زینا لە گەڵ مەحرەمدا دەوستێتەوە، بە جۆرێک کە دەبێتە هۆی دروستبوونی دۆخێک کە تیایدا دوا ئۆبێکتی بژاردە بۆ خۆی دەبێتەوە بە جێگرەوەی ئۆبێکتە ڕاستەقینەکە.

دووەم: ئەنگێزەی سێکسوالیتی سەرچاوەی هەموو غەریزەکانی ترە، وەلێ خودی ئارەزووەکە تەنانەت لە قۆناغی گەشەکردنی سێکسیدا تەواو یەکانگیر و تۆکمە نییە و هەمیشە دزر و کەلێنێکی تێدایە کە پڕ نابێتەوە. بە مانایەکی تر، هەمیشە بەشێکی ئەم سەرچاوە غەریزییە دەچەپێنرێت یان لە خزمەتی شتی تردا دەبێت کە پەیوەندی بە ڕازیبون و تێربوونەوە نییە. لە ناو فەوزاو قەرەباڵغی ئەنگێزەکاندا مەی و ئەلکهول دەتوانێت هارمۆنییەکی کاتی و ساختەمان بۆ دروست بکات و ڕازیمان بکات. وەهمی تێربوون و چێژمان بداتێ و لە سەروبەندی مەستبووندا خۆمان لێبێتە ئایدیاڵی خۆمان. فرۆید باوەڕی بە بوونی پرەنسیپێکی بێخەوش و کامڵی چێژ هەبووە، چێژێک کە دەکەوێتە سەروو هەموو چێژەکانی ترەوە. ئەوەی جێی سەرنجە کە فرۆید ئەم چێژە لە پەیوەندیی نێوان کەسی ئەلکهولی بە ئەلکهولەوە دەبینێتەوە! سەبارەت بەم پەیوەندییە دەڵێت: (...)تەماشای پەیوەندیی نێوان کەسی مەشروبخۆر بە شەرابەوە بکە! ئەوە ڕاست نییە کە شەراب هەموو جارێک ڕازیبونێک و تێربوونێکی ژەهراوی و تۆکسیک بە کەسەکە دەبەخشێت، کە لە شیعردا ئەم ڕازیببونە بەراورد کراوە و شوبهێنراوە بە تێربونێکی ئیرۆتیکی – ئایا ئەم بەراوردکردنە لە ڕووی زانستیەوە قبووڵە؟ ئێوە هەرگیز ئەوەتان لە مەشروبخۆرێک بیستووە، کە بە تۆبزی و بە بێ ویستی خۆی مەشروبەکەی/شەرابەکەی بە دانەیەکی تر یاخود جۆرێکی تر، گۆڕیبێتەوە هەر لە بەرئەوەی لێی بێزاربووە چیتر ئارەزووی ناکات؟ بەڵکو بە پێچەوانەوە خووگرتن و پەیوەستبوون، یان ئەم دۆستایەتییە لە نێوان مەشروبخۆر و ئەو مەشروبەی کە دەیخواتەوە، تا دێت زیاتر بەهێزتردەبێت. تۆ هیچ کات لە مەشروبخۆرێک بیستووە پێویستی بەوە بووبێت سەفەر بکات بۆ وڵاتێکی تر کە تیادا مەی و مەیخواردنەوە تابۆ بێت یان مەی قاتی بێت، هەر لە بەرئەوەی کە ئەو نەبوونی و تابۆیە وایلێبکات ئارەزووی بۆ خواردنەوە تێربێت؟ نەخێر هیچ کات! ئەگەر گوێ بۆ مەشروبخۆرە گەورەکانمان بگرین، لەوانەیش (بۆکلین) کە باس لە پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ مەی دەکەن، ئەوا هەست بەوە دەکەیت کە باس لە پەیوەندییەکی پڕ هارمۆنی و بێخەوش دەکات، وەک مۆدیلێکی جوان و ئایدیاڵی هاوسەرگیری دەیشوبهێنێت. پرسیارەکە ئەوەیە ئەی بۆچی پەیوەندیی نێوان کەسە عاشقەکان هێندە جیاوازە؟)).

ڕەنگە ئەم دیدە بۆ خۆی جێی سەرنج و تێرامان بێت کە ئایا بۆچی فرۆید بوونی پەیوەندییەکی بێخەوش و پڕهارمۆنی یان وردترِ بڵێین بوونی پرنسیپی چێژی بێخەوش دەبەستێتەوە بە کەسی مەشروبخۆر عەشقی بۆ

شـــــەرابەکەیەوە؟ لە کاتێکدا ئێمە دەزانین کە لەم حاڵەتەیشـــــدا دواجار ئەو پەیوەدنییە هـاوســـــەرگیرییە پڕهـارمۆنییەی کە فرۆید بـاس لێوە دەکـات بە بێخەوش دەینبینێت، پەیوەندییەکی بی درز و خەوش نییە، بەو مانایەی خودی ئەو دۆسـتایەتی و عەشـقەیش بێ زەرەروزیان نییە. بەڵکوو ئەم پەیوەندییەش دواجـار پڕە لە بەرزونزمی، عـاشـــقبونێک کە لێوان لێوە لە زۆری و کەمی، وەکچۆنیش ئۆبێکتی عەشـــقەکە (شـــەراب) بۆ مانەوەی خۆی وەک یارێکی شەهوەتباز و بێباک تا کەسە نابەتە بەر قاپی مەرگ، تا وێران و ڕسوای نەکات دەســتبەردای نابێت.. ئێمەی مرۆڤ هەمیشــە کە دێنە ســەر چێژ و تێربوون هەڵدەخڵەتێن و دیوە ڕاســتەقینەکەی چێژ نابینین کە خودی مەرگ خۆیەتی. لە دۆخی کەســی ئەلکهولیشــدا هەر بەم شـیوەیە کار دەکات. ســوبێکت عەوداڵی هــارمۆنی و پڕکردنەوەی ئەو نوقســــانییە لە ڕێی خوگرتن و ڕەفتــاری دووبـارەبووەوە و بێ مـانـدووبوون، لە ڕێی خۆ تێرکردن و خۆڕازیکردنێکی بەردەوام بە ئەلکهول. هاوکێشەکە دیسان بوونی ئۆبێکتی عەشقەکە-ئەلکهول- کە نە دەبێت زۆر و لەبەر دەستدا بێت، وە نە دەبێت کەمیش بێت و تابۆ بێت. چونکە کاتێک کە زۆر دەبێت بۆ ســـوبێکت ئیتر چیدی پەیوەندی بە تێرکردنی ئارەزووەکانەوە نامێنێت بەڵکو خودی ڕازیبوون و تێرکردنەکە بە بێ باج و ســـەرانە نـابێت، دوا جـار ژیـانی کەســـەکە خۆی _کـاریگەری بۆ ســـەر دەروروبەرەکەی_ بـاجی تێربوون و ڕازیبونی ئـارەزووەکـانیەتی. کەواتە پێویستە بە شیوەیەکی ئایرۆنی لەو پەرەگرافەی سـەرەوە بگەین چونکە فرۆید زیاتر مەبەســتی لەوەیە کە بەربەســت و ڕیگری لە بەردەم حەز و ئارەزووی سێکسوالیتی دەبێتە هۆی بێداری و شڵەژان و گەشتن بە چێژی سێکسوالیتی، وەلێ ئازادی تەوایش یاخود نەمانی بەربەستەکانیش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەها دەروونییەکان بۆ پێداویســتییە ئیرۆتیکیەکان، لەم کاتەیشــدا دیســانەوە مرۆڤ پێویســـتی بە بوونی بەربەســـتە تـا جـارێکی تر برەو بـداتەوە بە سێکسوالیتی و لیبیدۆی خۆی.

وەک سـەرنجێکی کورت و کۆتایی بۆ ئەم بەشـە گرنگە بڵێم کە ئالودەبوون بۆ من بابەتێکی گرنگە، خودی ئەم نووســـینەیش وەک دەقێکی زیندووە وایە و بەردەوامی هەیە. کاتێک ســەرەتا دەســتم کرد بە نووســینی ئەم بابەتە باوەڕم وابوو هەر وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێکردوە، کە سەرچاوەیەکی زۆر لە سەر بابەتی ئالودەبوون لە دیدی فرۆیدەوە لە بەردەســـتدا نییە. وەلێ تا زیاتر و زیاتر لە سەر ئەم بابەتە قووڵ بوومەوە، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە سەرچاوەیەکی زۆر وەلێ بە پەرش وبڵاوی هەیە و پێویستی بە گەڕان و وردبوونەوەیە تا

تەواوی شــیکار و ڕاڤەکانی فرۆید لەمبارەیەوە بزانین. هەر بۆیە لە بەشــەکانی تری ئەم نوسینەدا بە بەردەوامی دێمەوە سەر دید و بۆچوونەکانی فرۆید.